# دێموکراسیی ڕادیکاڵ و کوردایەتی

## بەرەو خەباتێکی هێژمۆنیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سارۆ ئەردەڵان

خەباتێکی هێژمۆنیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ و پلۆڕال، ئاوڕ لە هەر دوو قۆناغی خەبات بداتەوە. سەرەتا بۆ ڕزگاری لە دۆخی بندەستی و بە مەبەستی سەربەخۆییی کوردستان، بزووتنەوەکانی دژەچەوساندنەوە لە کوردستان بە شێوازێکی هاونرخ و جیاواز جومگەبەندی دەکا، بێ ئەوەی بۆ گەیشتن بە مافی هەر بزووتنەوەیەک چاوپۆشی لە مافی ئەوانی تر بکرێ.

*داگیرکەری دڵ پــڕ لە قین... هەر کورد بووین و هەر کورد دەبین»*
*[هۆنراوەی ئیبراهیم ئەحمەد]*

*«هەرگیــز خەبات بۆ دێموکراســی نابێ بچێتە ژێر ســێبەری خەبــات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی.»*
*[قاسملوو ۲۰۰۳، ۶۷]*

## دەســتپێک: خوێندنەوەیــەک بــۆ فەلسەفەی سیاسیی قاسملوو

لە وتووێژێــک کە تەنیا چەنــد مانگ پێش تێرۆرکرانەکــەی لەگــەڵ عەبدولڕەحمــان قاســملوودا (۱۹۸۹-۱۹۳۰)(کراوە، بەرێزیان ئامــاژە بــەوە دەکا کــە ڕێژیمــی کۆماری ئیســلامیی ئێران، هەرچەند نــە بە خێرایی، بــەڵام لەبەر قەیرانی ناوخۆیــی بەدڵنیاییەوە لەنــاو دەچێــت. بەڵام پاش تێپەڕینی ســی ســاڵ نەک ڕێژیم نەرووخاوە بەڵکوو تەنانەت لەناو جێگرەوەکانیشیدا (لە سەڵتەنەتخوازەوە تا دێموکراســیباوەڕ) بیرۆکــەی ئێرانچیەتی هــەم لە ترۆپکــی خۆیدایە و هــەم بە هیچ شێوەیەک ئیلیتی فارس/ئێرانی نایانەوێ دیان بە مافی نەتەوەی کورد لە ئێراندا بنێن. دوور نەڕۆشتووین تەنانەت ئەگەر بڵێین بە هەمان شێوە کە دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیم میراتداری ژووری فیکریی ســاواک بۆ کوردستان بوون، ڕێژیمی نوێش (لە هەر قەوارەیەکی سیاسیدا) لەســەر هەمان هێــڵ بــەردەوام دەبێ و بە پشتبەســتن بە میراتی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی درێــژە بە سیاســەتەکانی چەوســاندنەوە لە کوردســتان دەدا. کەواتە بە ســەرنجدان بە هــەر دوو ئەگەری بەهێــزی مانەوەی ڕێژیم یا بە دەسەڵات گەیشــتنی ئەو جێگرەوانەی کە خاڵــی هاوبەشــیان دژایەتیکردن لەگەڵ داخوازییەکانــی نەتــەوەی کــوردە، ئــەم پرسیارەمان لە لا ســاز دەبێ کە ڕێکارەکانی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی لــە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەر دوو گریمانە و شــیکردنەوەی دۆخی هەنووکەیی چییە؟

بــۆ وڵامدانــەوە بــەم پرســیارە گرنگە، دەمەوێ سەرەتا باس لە فەلسەفەی سیاسیی قاســملوو - وەک نەخشــە ڕێگایــەک بــۆ شــۆڕش - بکەم کە لە ماوەی نیو ســەدەدا بنەمایەکی بەهێــزی فیکریی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان ساز کــردووە. هەر بــۆ ئەم مەبەســتە، بیرۆکەی هــزری قاســملوو وەک کلاوڕۆژنەیەک وایە کــە دەتوانین لــە ڕێگەیەوە تیشــکی زیاتر بخەینە سەر ئەو سووچە کەمتر باسکراوانەی شــۆڕش کە نەک لەبەر نادیاربوونیان، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هەمیشــە لەبەر چاومان دیارن، پێمانوایە هێــزی ئەوەیان نییە بتوانین وەکوو تایبەتمەندییەک بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی، کەڵکیان لــێ وەربگریــن. بیرکردنەوەی من لە چوارچێوەی ســتراتێژیی سوسیالیســتیدا بیچمی گرتــووە و تیایدا ئــەو جۆراوجۆرییە لە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان ڕەچاوکراوە کە دەکرێ وەک هەوێنی خەباتێکی هێژمۆنیکی نوێ لە سەدەی بیســت و یەکەم، بزوێنەری خەباتــی دژەکۆلۆنیالیســتی و ســازکردنی دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ و پلۆراڵ بۆ دوارۆژی کوردستانێکی سەربەخۆ بێ.

ســەرەتا، من دەمەوێ لــە جیاکارییەک کە هوســێرل لە نێوان ئەو بابەتە تیۆرییانەی دایناوە کە بە شــێوازێکی نەگــۆڕ مانایەکی فیکسیان بەخۆیانەوە گرتووە، لەگەڵ چالاک کردنەوەیــان (لاکلاو و مــوف، ۱۹۸۵، viii) کەڵک وەرگرم. بەم گوێرەیە، لە ناو بیرۆکەی قاســملوودا، ئەو تیۆرییانە چین کە کارکردە سەرەکییەکانیان شــاردراونەتەوە، لە کاتێکدا لە ساتەوەختی دیسان چالاک کردنەوەیانەدا دەکرێ مانای نوێ ســاز بکەن؟ فەلســەفەی سیاســیی قاســملوو، بەتایبەت لــە کتێبی کورتەباســدا، لەســەر بنەمــای دۆزینەوەی

چارەسەر بۆ سێ ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیچمی گرتووە. لە کاتێکدا قاسملوو پێداگرییەکی بەهێز و هەمیشەیی لە خەباتی دژی چەوساندنەوە دەکا، بەردەوام باس لەوە دەکرێ کە خودموختاری و پابەندبوون بە دێموکراسی (تەنیا لە مانا لیبراڵییەکەیدا) کاکڵی باسەکانی ئەو پێک دێنن. هەر بۆیە من دەمەوێ لێرەدا نە تەنیا ئەو بەشانە لە تیۆریی قاسملوو نیشان بدەم کە لە چوارچێوەیەکی حیزبیدا بەکارهاتوون، بەڵکوو هەروەها هاوکات لەگەڵ دەستنیشانکردنی سنوورەکانیان، هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی سەر لە نوێ خوێندنەوەیان، لە ئاراستەیەکی نوێدا چوارچێوەیەکی تیۆرییان بۆ ساز بکەم و پەرەیان پێ بدەم؛ هەتا لەم ڕێگەیەوە زیاتر لە جاران تایبەتمەندیی دژبەرایەتیی ئاشتیهەڵنەگریان لەگەڵ بیرۆکەی ئێرانچیەتیدا دەرکەوێ و، هەروەها بە ڕوونی لەوە تێبگەین کە ئەم تایبەتمەندییانە لە پراکتیسەکانی سازکردنی هێژمۆنیی کوردایەتیدا چۆن دەور دەگێڕن. بە واتایەکی تر چۆن دەتوانین بنەما فکرییەکانی قاسملوو لە دەست دەرەنجامەکانی سیاسەتی ڕۆژەڤی ڕابردوو ڕزگار بکەین؟

ئاشکرایە هەڵسەنگاندن، هەڵوەشاندنەوە و خوێندنەوەی نوێ بۆ فەلسەفەی سیاسیی قاسملوو، لەبەر حەزێکی ئایدیالیستی و تەنیا لە بەستێنێکی تیۆریکدا نییە. بەڵکوو ئەمە واقیعی ئەمڕۆکەی پرسی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ناچارمان دەکا تێگەیشتن و سیاسەتێکی نوێمان بۆ شۆڕش هەبێ. قاسملوو خۆی دەرکی بەم پێویستییە کردبوو و تەنانەت وەک تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی حیزبی دێموکرات بە دروستی ئاماژەی پێ کردووە:

*فەرقی ئێمە لەگەڵ زۆربەی ئەو دەستە و تاقمانە [تودە و بەگشتی بەرەی چەپ] ئەوەیە کە ئەوان هەوڵ دەدەن واقعییاتی وڵاتەکەمان لەگەڵ تیۆرییەکەیان ڕێک بخەن و، ئێمە بەپێچەوانەوە، دەمانهەوێ بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆری و ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی وڵاتەکانی دیکە و دەرسەکانی جووڵانەوەی مێژوویی گەلی کورد، تیۆرییەکە بە جۆرێک ڕێکوپێک بکەین کە وڵامدەرەوەی واقعییەتی هەڵقوڵاو لە وڵاتەکەمان و گەلەکەماندا بێ (قاسملوو ۲۰۰۳، ۵۰).*

ئەگەر سەیری واقیعی ئیستای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، هەندێکجار وا دەردەکەوێ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان وایە ڕێژیمی ئێران لەبەر قەیرانە ناوخۆییەکانی لە درێژەی زەمەندا و لە پرۆسەیەکی حەتمیدا لە ڕێگەی شۆڕشی نەتەوەکان/خەڵکی ئێران بەرەو نەمان دەڕوا. ئەم شێوازە بیرکردنەوە کە لە بنەمادا لە بەڵگاندنی مارکسیستەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم سەبارەت بە «قەیرانی گشتیی سەرمایەداری» دەچێ و لەگەڵ هەمان کێشەی بەدینەهاتنی پێشبینیدا بەرەوڕوو دەبێ. قاسملوو کە خۆشی لە کێشەی ئەم بەڵگاندنە ئاگادارە، هیچ کات باوەڕی وا نەبووە کە سیاسەتەکانی چاوەڕوانی بۆ ڕووخان یا گوشاری هێزی دەرەکی دەتوانن بۆ پێشخستنی دێموکراسی و بەدیهاتنی «مافی دیاریکردنی چارەنووس»، لە شۆڕشدا کاریگەرییەکی یەکلاییکەرەوەیان هەبێ. هەر بۆیە وەک خەباتی چەکداری لە سەردەمی سمکۆ و کۆماری کوردستان بەدواوە، قاسملووش پێی وایە دەبێ پشت بە خەباتێکی چەکدارانە بۆ بەدیهاتنی ئامانجی ڕزگاری ببەسترێ. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش باس لەوە دەکا کە سێ مژار بە قازانجی خەباتن: «یەکێکیان پشتیوانیی گەل لە خەباتی ئێمەیە. ئەوەی دیکە سیاسەتێکی

واقعبینانەیە. . . و سێهەم پێشمەرگەکانمان.» (قاسملوو١٣٨۴ت، ٣۴؛ ١٣٨۴ئـا، ٢۵۵). قاسملوو بەردەوام لە نووسین و وتووێژەکانیدا باس لە دێموکراسی وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەی کورد دەکا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەزانێ کە زۆربەی جار لابردنی توندوتیژانەی ڕێژیمێکی سەرکوتکەر پێشمەرجی هەر پێشکەوتنێکی دێموکراتیکە.

قاسملوو لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە حیزبی دێموکرات بۆ چی خەبات دەکا و بۆ چی تێدەکۆشی؟ بیرۆکەی سەرەکیی خۆی بەکورتی لە وتاری شیکردنەوەی کورتەباسدا شرۆڤە دەکا و پێی وایە «حیزبی دێموکرات بۆ وەدی هێنانی سێ ئامانجی گەورە پێک هاتووە و خەباتیشیان بۆ دەکا. یەکەم لابردنی ستەمی نەتەوایەتییە. دووهەم لابردنی ستەمی چینایەتی یا چەوساندنەوەی ئادەمیزادە. حیزبی ئێمە بۆ لابردنی هەموو چەشنە زۆرداریییەک تێدەکۆشی. چەوساندنەوەش، ستەمی چینایەتیش بەشێکە لە زۆرداری. . . [سێهەم] خەبات دەکەین بۆ ئەوەیکە هەموو چەوساندنەوەیەک واتە چەوساندنەوەی سیاسییش لەبەین بچی. . . ئێمە هەر لە سەرەتاوە بۆ ئازادی خەبات دەکەین. . . حیزبی ئێمە خەبات دەکا بۆ ئەوەی. . . ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی چینایەتی و ستەمی سیاسی هەر سێکیان لەنێو بچن» (٢٠٠٣، ۶۵-۶۶). ڕێکارێک کە قاسملوو بۆ ڕزگاری لەم ستەمانە نیشانی دەدا، لە دروشمی ستراتێژیکی ئەو کاتی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگی داوەتەوە کە بریتییە لە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان. لەسەر بنەمای لۆژیکی دێموکراسی، هەر دوو بژاردەی فێدراڵیزم و خودموختاری گرێدراون بە بوونی دێموکراسی لە ئێراندا و هەر بۆیەش لێرەدا بەرەورووی دوو کێشە دەبینەوە کە دەکرێ وەک کلیلی چوونە ژوورەوە بۆ ئەو باسە بن کە لە هێزی ناوەکیی بیرۆکەکانی قاسملوو کەڵک وەردەگرن و لە مەودایەکی بەرفراوانتردا ڕێگەیان پێ دەدەن پەرە بستێنن و لە چوارچێوەی دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ و پلۆراڵدا جومگەبەندییە سیاسی ـ هێژمۆنیکییەکانی دەربکەون.

پێداگریی قاسملوو لەسەر دێموکراسی و ڕۆنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک لە ئاستێکدایە کە دەکرێ بگوترێ لە هەموو نووسین، چاوپێکەوتن و کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکاندابەردەواوم پێداگری لەم بنەمایانە کردووەتەوە؛ تەنانەت لە دوایین چاوپێکەوتنیشیدا باس لە باوەڕی خۆی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دێموکراسیی عەمیق [قووڵ] دەکا (قاسملوو ٢٠١۵؛ زەنگین[١] ٢٠١٩؛ د. ئالان ٢٠١٩، ٩٠[٢]). پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەمەیە چۆن دەتوانین دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ لەگەڵ لابردنی جۆرەکانی ستەم لە کوردستان پێکەوە گرێ بدەینەوە؟ ئایا بە ئەزموونی ئیستاکەمان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و خوێندنەوەمان بۆ کۆی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، دەکرێ لەسەر بنەمای فەلسەفەی سیاسیی قاسملوو و پەرەپێدانیان، بیر لە ستراتێژییەکی نوێ بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەینەوە؟

## هێژمۆنی و جومگەبەندی

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا چەندین شێوازی دیکەی نابەرابەری و تێکۆشان بۆ سڕینەوەیان، ئاراستەی خەباتی دژە چەوساندنەوە یان فرەڕەهەندی کردووەتەوە. هەر تیۆرییەکی سیاسی دەیهەوێ باس لە وردەکارییەکانی ئەو مێکانیزمانە بکا کە تیایدا کۆمەڵانی خەڵک دەجمێن و لە ڕێگەیانەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ساز دەبن. بۆ زۆربەی مارکسیستەکان پرسیارێک ساز بووە کە چۆن دەتوانن سەرەڕای ململانێی

چینایەتی، هەوێنێکی تر بۆ شۆڕش بدۆزنەوە. تیۆریسییەنەکانی مارکسیزم بۆیان دەرکەوتبوو کە چیتر سەرمایەداری لەبەر قەیرانی ناوخۆیی، بە تێپەڕینی زەمەن و بە شێوەیەکی حەتمی، ناڕووخێت و شۆڕشی چینی کرێکار توانای ئەوەی نییە کە نایەکسانییەکان بسڕێتەوە، کەواتە دەبێ ڕێڕەوێکی نوێ بۆبزووتنەوەی چەپ بدۆزرێتەوە. گرامشی لە ڕێگەی تیۆریی هێژمۆنییەوە باسی لەوە کرد کە هۆی لەناونەچوونی سەرمایەداری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم سیستەمە سەرەڕای توندوتیژی و بووژاندەوەی ئابووری، توانیویەتی لە ڕێگەی نوخبەکانەوە بەها، بایەخ و دابونەریتەکانی چینی دەسەڵاتدار وەک تایبەتمەندییەک نیشان بدا کە عەقڵی باویکۆمەڵگا پەسەندی بکا. کاتێک بەها و بایەخەکانی سەرمایەداری دەبنە جێی پەسەندی هاووڵاتیان و خەڵک بە ڕەزامەندیی خۆیان پەیڕەویان دەکەن، سیستەمی سەرمایەداری دەتوانێ دۆخی هەنووکەیی وەک خۆی بهێڵێتەوە چونکە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێگەی پەسەندکردنیانەوە مەشروعیەتیان بە ئایدیۆلۆژییەکەی داوە. «هۆی سەرنەکەوتنی چەوساوەکان (چینی کرێکار لە خەباتی چیانەیتیدا و نەتەوەی بندەست لە خەباتی نەتەوایەتیدا) ئەوەیە کە بەهاکانی چەوسێنەرانیان قەبووڵ کردووە و بە کردەوە لە ژیانی خۆیاندا ڕەچاوی دەکەن. واتە چەوسێنەران بۆ ڕێبەرایەتی کردنی چەوساوەکان، لە جۆرە ڕیبەرایەتییەک کەڵک وەردەگرن کە بە زۆر و بە تۆپزی نییە، بەڵکوو چەوساوەکان بە دڵ ئەو ڕێبەرایەتییەیان قەبووڵ کردووە، هەرچەندە ئەو بەهایانە دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەوانە» (کەریمی ٢٠١٥، ٩٩-١٠٠).

ئەم دەستپێکە بۆ خوێندنەوەی شۆڕش، یارمەتیی «لاکلاو و موف» دەدا کە بە گرنگیدان بە ناکۆکی نێوان دێموکراسی و لیبرالیزم و هەروەها ئەو ئیمکانە هێزەکییەی کە داواکاری نوێی ناسنامەیی بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان سازی کردووە، تیۆریی ڕادیکاڵ دێموکراسی خۆیان لە کتێبی هێژمۆنی و ستراتێژی سوسیالیستیدا جومگەبەندی بکەن. جومگەبەندی (articulation) زۆربەی جار بەو بەستنگە و جەمسەرانە دەگوترێ کە جومگەکان لێک گرێ دەداتەوە؛ یا مەبەست کردەوەیەک لە دەربڕینێکی زمانناسییانەدایە کە بۆ سازکردنی مانا، وشەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. لاکلاو و موف ئەم دوو بەستێنە واتاییە پێک دێنن و لایەنی سێیەمی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی پێ زیاد دەکەن. لە ڕوانگەی تیۆریی سیاسیی ئەوانەوە جومگەبەندی بریتییە لە «هەر پراکتیسێک کە لە نێوان توخمەکاندا پەیوەندییەک ساز بکا و ناسنامەکان لە ئەنجامی پراکتیسی جومگەبەندیدا بگۆڕدرێن» (٢٠٠١، ١٠٥). کەواتە، جومگەبەندی پراکتیسێکە کە لە ڕێگەی لۆژیکی هاونرخی و جیاوازییەوە، پەیوەندییەک لە نێوان توخمە لێکچوو و نالێکچووەکان ساز دەکا و بەم شێوەیە ناسنامەی توخمەکان دەگۆڕدرێ و ناسنامەیەکی نوێ ساز دەبێ. دەکرێ بگوترێ کاتێک کە سوژەی تاک یا بەکۆمەڵ گیرۆدەی جومگەبەندیی سیاسییە، فۆرمێکی هاوپەیمانی یا تێکراییی ساز نابێ کە هەر توخمێک تیایدا ناسنامەی سەرەتایی و ڕەسەنی خۆی هەڵبگرێتەوە، یا یەکیەتییەک ساز ببێ کە توخمەکان ناچار ببن ناسنامەکانی پێشووتری خۆیان لەبیر بکەن، بەڵکوو بەرەیەکی هێژمۆنیک پێکدێ کە لە ڕێگەیەوە ناسنامەی هەر سوژەیەک شێوازێکی نوێ بە خۆیەوە دەگرێ. هێژمۆنی پەیوەندییەک لە نێوان ئەو گرووپانەدا نییە کە ناسنامەکان و بەرژەوەندییەکانیان دیاریکراو بێ، یاکوو بە مانای ئەوە نایەت کە ئەم گرووپانە پێکەوە یەکگرتووییەک ساز بکەن، بەڵکوو بە واتای پرۆسەیەکی ئاوێتە دێ کە هەموو بەشەکان، لە ڕێگەی سەرقاڵ بوون بە

کارلێکردنێکی دینامیک لە نێوان بیرۆکەکان، نەریتەکان و پراکتیسەکان، تیایدا سەر لە نوێ شکڵ بگرنەوە (موف، ١٩٧٩). لاکلاو و موف، لە ڕێگەی چەمکی جومگەبەندییەوە، هەوڵیان داوە تیۆریی هێژمۆنیی گرامشی لە ئابووریباوەڕیی مارکسیزم ڕزگار بکەن و لە بیاڤێکی سیاسیدا بیگونجێنن کە تیایدا خەبات و بریکارەکان فرەچەشنن و هیچ کامیشیان بالادەست نین. بە تێگەیشتنی ئەوان شۆڕشێکی دیموکراتیک کردارێکی بەکۆمەڵ و دژ بە نابەرابەرییە کە لە ڕێگەیەوە خەڵک دەتوانن بەرەنگاری پەیوەندییەکانی ملکەچی ببنەوە.

مارکسیزم بەشێک لە شۆڕشێکی دیموکراتیک بوو و هێزەکەی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم لەو توانایەوە سەرچاوەی گرتبوو کە توانیبووی بەرەیەکی نوێ لە ژێر بەیداخی خەباتی چینایەتی بۆ کۆکردنەوەی گرووپە جیاوازەکان و داواکارییەکانیان سەبارەت بە بەرابەری ساز بکا. بەرەبەرە تا نیوەی سەدەی بیستەم، مارکسیزم خۆی لە بنبەستێکدا دەبینییەوە چونکە چیتر نەیدەتوانی هێزی یەکخستنی پرۆلتاریا بەکار بێنێ و لە هەمان کاتدا نەیدەتوانی کەڵک لە فرەچەشنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان (وەکوو بزووتنەوەی فێمێنیستەکان، ئێتنیکەکان و ژینگەپارێزەکان و هتد.) وەربگرێ کە لە هەمان کاتدا ببوونە هۆی ئەوەی چیتر خەباتی چینایەتی دەوری سەرەکیی لە سیاسەتەکانی بەرابەریخوازی و دیموکراتیکدا نەبێ(هەمان، ١٥٩). هەر بۆیە ئامانجی دیموکراسیی ڕادیکاڵی لاکلاو و موف ئاوێتەکردنی بارودۆخەکانی گرێدانی خەباتێکی سیاسییە کە سێ تایبەتمەندیی نوێی هەیە: لە ڕوانگەی ئەوانەوە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی بابەتێکی حەتمینییە کە دەبێ هەر ڕوو بدا. لە خەباتدا دەبێ بپرسین کە لە چ کاتێکدا، بۆچی و چۆن گۆڕانی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو دەبێ؟ و تەنانەت هەندێکجار ڕەنگە گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەڵگری هەندێک ئەنجامی پێچەوانە بێ. هەروەها ئەوان بۆچوونێکی پلۆرالیستییان سەبارەت بە سیاسەت هەیە کە تیایدا بکەرە کۆمەڵایەتییەکان کە لە کۆمەڵگادا چالاکن فرەچەشن و جۆراوجۆرن. بە واتایەک چیتر ناکرێ تەنیا لە ڕێگەی بەرەیەک کەوتنی چینایەتییەوە خەڵک بجمێندرێ. لە کۆتاییدا، گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە گوتارێکە کە ئەو توانایە بە چالاکەکانی بیاڤی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ببەخشێ کە نابەرابەریی دەسەڵات وەکوو بەشێک لە سیستەمی سەرکوت دەرک و جومگەبەندی بکەن.

هەر جومگەبەندییەک حەتمەن سیاسی نییە. لۆژیکی جومگەبەندی، بە شێوازێکی نوێ تیشکی خستووەتە سەر داواکارییە سیاسییەکان و بەرێوەچوونی خەباتەکان و بە هەمان شێوە بەرەی هێژمۆنیکی ساز کردووە. لاکلاو و موف باس لەوە دەکەن کە هێژمۆنیی سیاسی کاتێک دەتوانێ فۆرم بگرێ کە شێوازی دەرکەوتنی پراکتیسە گوتارییەکان و ناسنامەکان ئانتاگۆنیسم (دژبەرایەتی) بەرهەم بهێنن. واتە، سووژە توانای ئەوەی هەبێ کە «تەواو وەکوو خۆی» دەرکەوێ و ناسنامەیەکی دیاریکراوی لە ناو سیستەمێکی سەقامگیر لە جیاوازییەکاندا هەبێ: «سەبارەت بە ئانتاگۆنیسم دەتوانین بڵێین بوونی «ئەویتر» ڕێگرە لەوەی کە من ‹بە تەواوەتی وەک خۆم› بم» (هەمان، ١٢٥). لێرەدا باشترە زیاتر هەم لەسەر چەمکی دژبەرایەتی هەڵوێستە بکەین و هەم دواتر بە دیاریکردنی جۆرەکانی ملکەچی، نیشانی بدەین کە کامەیان دەتوانن ببنە هۆی ئەوەی دۆخێکی ڕاستەقینەی دژبەرایەتی ساز بێ.

موف لە کتێبی دەربارەی بابەتی سیاسی (٢٠٠٥) بە جیاوازیدانان لە نێوان دوو چەمکی دژبەرایەتی (antagonism؛ ئانتاگۆنیسم) و نەیاریەتی (agonism؛ ئاگۆنیسم) هەوڵ

دەدا لە چوارچێوەی دێموکراسیی ڕادیکاڵدا، پێناسەیەکی نوێ بۆ سیاسەتی ناسنامە بە دەستەوە بدا. موف سەرەتا لە ڕێگەی هێنانەبەرباسی جیاکاریی نێوان دۆست/دوژمن باس لە کاریگەریی ئەندێشەی کارڵ شمیت بە سەر بیرۆکەکانی خۆیدا دەکا. بە باوەڕی شمیت پێوەری سەرەکیی بابەتی سیاسی، جیاوازیی نێوان دۆست و دوژمنە و بابەتی سیاسی تاوتوێ کردنی شێوازی شکڵگرتنی «ئێمە» لە بەرانبەر «ئەوان»دایە و هەمیشە (دژ بە تاکباوەڕیی لیبراڵیزم و بەرژەوەندییەکانی) هۆگری پێناسەکردنی تایبەتمەندییەکانی کردارێکی بەکۆمەڵە؛ ئەم تێڕوانینە هەڵگری ناکۆکی و ئانتاگۆنیسمە و دژەبەرایەتییەکی ئاشتیهەڵنەگر ساز دەکا، کەواتە پەیوەندیی بە بڕیاردانەوە هەیە و کاری بە سەر گفتوگۆی ئازادەوە نەداوە. بە باوەڕی شمیت «دەکرێ تەنیا لە بەستێنی دەستەبەندیی دۆست/دوژمنەوە[۳] (the friend/enemy grouping) و بەدەر لە ڕەهەندەکانی ئەخلاق، جوانیناسی، و ئابووری، لە بابەتی سیاسی تێبگەین» (شمیت ۲۰۰۷، ۳۵). شمیت بەو ئەنجامە دەگا کە وەدیهاتنی ئامانجی کۆتایی لە سیاسەتدا پەیوەندیی بە لەناوچوونی دوژمنەوە هەیە، چونکە ئەگەر ئەویتر لەناو نەچێ ئەوە ئێمەین کە لەناو دەچین. موف ڕەخنەی شمیت لە دێموکراسیی لیبراڵی قەبووڵ دەکا و پێی وایە بابەتی سیاسی بێ بەریەککەوتنی گوتارەکان و پێکدژییەکان مومکین نییە و لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکا نەیارەکان تەنیا هەندێک ڕەقیب نین کە بکرێ بەرژەوەندییەکانیان لە ڕێگەی دانوساندنەوە دابین بکرێ و لە کۆتاییدا ئاشتی ساز بکرێ. هەر بۆیە موف ڕێگەی سێیەم پێشنیار دەکا: ئەم جۆری سێیەمی پەیوەندییە لە دێموکراسییەکی پلۆراڵدا پەیوەندیی ئێمە/ئەوان بە شێوازی ئاگۆنیسمی ڕێک دەخات و تیایدا هیچ ڕێگەچارەیەکی لۆژیکی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان نابیندرێ بەڵام دوو لایەنی پەیوەندییەکە لە جیاتی دژبەرایەتی دەبنە نەیار (adversary)ی یەکتر و مەشروعییەتی یەکتر بە ڕەسمی دەناسن و لەم ڕێگەیەوە لە بیاڤێکی سەمبولیکی هاوبەشدا بەشدار دەبن. لە ڕاستیدا «دەتوانین بڵێین کە ئەرکی دێموکراسی، گۆڕانی ئانتاگۆنیسم (دژبەرایەتی) بە ئاگۆنیسمە (نەیاریەتی)» (۲۰۰۵، ۲۰). لە ئاکامدا، هەر نەزمێک سیاسییە و لەسەر بنەمای فۆرمێک لە دەرهاویشتنە. هەمیشە هەندێک ئێمکان هەبووە کە سەرکوت کراون و دەکرێ سەر لە نوێ چالاک بکرێنەوە. ئەو پراکتیسانەی کە جومگەبەندی کراون بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە نەزمێکی تایبەت دابمەزرێ تا وەکوو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان سەقامگیر ببن، پراکتیسە هێژمۆنیکەکانن. هەر نەزمێکی هێژمۆنیک دەتوانێ لە لایەن پراکتیسە دژەهێژمۆنیکەکانەوە بکەوێتە ژێر پرسیارەوە (هەمان، ۱۸).

کێشەی سەرەکیی مارکسیزم هەر بۆ ئەم ڕاستییە دەگەڕایەوە کە بەریەککەوتنی چینایەتی نەیدەتوانی گشتییەتی جەستەی کۆمەڵایەتی بە سەر دوو بەرەی ئانتاگۆنێسیتیدا (دژبەرایەتیدا) دابەش بکا و لە هەمان کاتیشدا نەیدەتوانی بە شێوازێکی خۆبەخۆ هێڵێکی جیاکەرەوەی سیاسی بەرهەم بهێنێت. لە بەرانبەردا، لاکلاو و موف بۆ ئەوەی ئاستی دژبەرایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا بتوانن تاوتوێ بکەن، سێ دەستە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە یەک جیا دەکەنەوە: (۱) پەیوەندییەکی نابەرابەر کە تیایدا بەشداربووان سەبارەت بە لاسەنگبوونی دەسەڵات کێشەیان نییە و پرسیاری لێ ناکەن و لە ژێر ناونیشانی گوێڕایەڵیدا قەبووڵی دەکەن و ملکەچی دەبن. هەر مرۆڤێک لە چەندین بواری گرنگی ژیاندا ئەم جۆرە پەیوەندییە قەبووڵ دەکا. بۆ نموونە، کاتێک بەڕێوەبەری پرۆژەیەک دەستنیشانی دەکا کە فەرمانبەرەکان بەپێی یاسا

پەسەندکراوەکان چۆن دەبێ کار بکەن، یاکوو دایک و باوک هەندێک ڕێوشوێن بۆ ژیانی باشتری منداڵەکانیان دەستنیشان دەکەن. ئەم ڕەزامەندییە بەو مانایە نییە کە ئێمە وەکوو مرۆڤ لەم پەیوەندییانەدا نابەرابەرین؛ بەڵکوو وەکوو بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئەم جۆرە نابەرابەرییە مەشروعییەتی تایبەت بە خۆی هەیە. بەها و بایەخەکانی کۆمەڵگا بۆ نموونە مەشروعییەت بە دایکێک دەدەن کە بە منداڵەکەی بڵێ کاتژمێر نۆی شەو نابێ لە دەرەوە بێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگە نادەن کە توندوتیژی بەرانبەر بە منداڵەکە بەکار بێت. دیارە ئەم بەهایانە بەپێی کات و شوێن ڕەنگە بگۆڕدرێن و یا لە کولتوورە جیاکاندا فۆرمی جیاواز بەخۆیانەوە بگرن؛ (٢) سەرکوت کە پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای دەسەڵاتێکی نابەرابەر کە تیایدا بەشداربووەکان سەبارەت بە جۆری پەیوەندییەکە پرسیار دەکەن و کێشەیان لە لا ساز دەبێ. لێرەدا دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی سەرکوت ڕەنگە بگۆڕدرێ، بەڵام ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە سەرکەوتوو دەبن کە بتوانن گوتارێک پەروەردە بکەن کە تیایدا پەیوەندییەک وەک سەرکوت نیشان بدرێ و داوا لە خەڵک بکەن چیتر ئەو پەیوەندییە قەبووڵ نەکەن. بەشداریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەم باسەدا بریتییە لەوەی چۆن ئەوان دەتوانن گێڕانەوەیەک ساز بکەن کە تیایدا بەشێک لەو پەیوەندییانەی وەک گوێڕایەڵی مەشروعییەتیان هەیە، چیتر ئاسایی دەرنەکەون و لە ڕێگەیەوە خەڵک داوا بکەن کە دەبێ بگۆڕدرێن. بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵات هەوڵ دەدرێ تەقە کردن لە کۆڵبەران لە ڕێگەی گوتاری قەدەغەی قاچاغ و پێشلکردنی ئەو یاسایانەی کە پشتی ئازادیی ئابووری دەگرن مەشروعییەت پەیدا بکا، بەڵام ئەگەر بکرێ ئەم پەیوەندییە وەک سەرکوت و چەوساندنەوەی تاکی کورد نیشان بدرێ، لە لای خەڵک سەبارەت بە گۆڕانی دۆخی هەنووکەیی پرسیار ساز دەبێ. هەروەها، لە ڕۆژهەڵات دەنگی سەربەخۆ لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا سەرکوت دەکرێ بەڵام سیستەم هەوڵ دەدا ئەم سەرکوتە بۆ زۆرینەی خەڵک وەک گوێڕایەڵییەک لە کاتی دەنگداندا شرۆڤە بکا؛ (٣) سوڵتە کە پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای دەسەڵاتێکی نابەرابەر کە تیایدا ئەکتەرێک لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییە پرسیار دەخاتە سەری. بۆ نموونە، لەبەر سیستەمی سوڵتەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە لای زۆرینەی خەڵک لە کوردستان خوێندن بە زمانی فارسی و بەکارنەهێنانی زمانی کوردی وەک بابەتێکی کێشەدار پرسیاری لەسەر ساز ناکرێ و بە ڕەزامەندیی خەڵک بۆخۆیان قەبووڵ دەکرێ.

## خەباتی هێژمۆنیکی کوردایەتی

منیش وەکوو فوکۆ لەو باوەڕەدام کە لە هەر شوێنێک دەسەڵات هەیە بەرگریش ساز دەبێ. بەڵام دیارە کە بەرگری شێوازی جۆراوجۆری هەیە. تەنیا هەندێک جار ئەم شێوازانەی بەرگری دەتوانن تایبەتمەندییەکی سیاسی بە خۆیانەوە بگرن و لە چوارچێوەی خەباتێکی دیاریکراودا فۆرم بگرن و تیایدا داواکاریی چەوساوەکان، کۆتاییهاتنی پەیوەندییەکانی ملکەچی بێ. بۆ نموونە ژنان بە درێژاییی چەندین سەدە، شێوازی بەرهەڵستکارانەی جیاوازیان دژ بە سوڵتەی پیاوانە هەبووە بەڵام تەنیا هەندێک شێوازی تایبەت و لە ژێر هەلومەرجی دیاریکراودا، توانیویانە دەربکەون و داواکاریی بەرابەریخوازانەیان هەبێ. لەم ڕوانگەیەوە هەر کاتێک باس لە تایبەتمەندیی سیاسیی ئەم جۆرە خەبات و بەرگرییانە دەکرێ، مەبەست سنووردارکردنیان بە حیزب یا دەوڵەتەوە نییە، بەڵکوو ئاوڕدانەوە لە کردارێکە کە ئامانجەکەی گۆڕانی فۆرمی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەیە کە تیایدا سووژە

له ناو پەیوەندییەکانی ملکەچیدا ساز دەبێ. بەمگوێرەیە «ناکرێ سیاسەت وەکوو پراکتیسی پێکهێنان، سازکردنەوە و گۆڕانی فۆڕمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەچوارچێوەی ئاستێکی دیاریکراوی بابەتی کۆمەڵایەتیدا جێ بکرێتەوە. هەروەها پرسی بابەتی سیاسی (the problem of the political) پرسی دامەزراوەی بابەتی کۆمەڵایەتییە و بە واتایەکی دیکە، لە بەستێنی لێکدراوی دژبەرایەتییەکاندا گرێدراویی بە پێناسەکردن و جومگەبەندیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە» (لاکلاو و موف ۲۰۰۱، ۱۵۳). هەر بۆیە لە بابەتی سیاسیدایە کە دەرفەت وتوانای گۆڕانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و فۆڕمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (لە ملکەچییەوە بگرە تا سەرکوت و سوڵتە) دەخوڵقێ و کردەوەیەکی بەرگریکارانەی دژەچەوساندنەوە مانادار دەبێ.

دەتوانین بڵێین کوردایەتی خاوەنی هەوێنی شۆڕشێکی دێموکراتیکە، چونکە هەڵگری گوتارێکە کە تیایدا کردەوەی شۆڕشگێڕانە لە پێناوخەباتێکی دژ بە چەوساندنەوەیە و دەیەوێ بەرهەڵستکاری پەیوەندییەکانی ملکەچی ببێتەوە. واتە کوردایەتی دەیەوێ لە ڕێگەی شکڵبەندیی گوتاری ڕزگارییەوە دۆخی دژبەرایەتی دژ بە گوتارەکانی ئەویتر ساز بکا و نیشانی بدا چۆن دەتوانین پەیوەندییەکانی ملکەچی، وەک پەیوەندییەکانی سەرکوت پێناسە بکەین. مرۆڤی کوردی ملکەچ لە دۆخی کۆلۆنیالیستی، پێویستی بە گوتارێکی دەرەکیناسێنەر هەیە کە نیشانی بدا ئەم ملکەچییە پەیوەندییەکی سەرکوتکەرانەیە و بەرهۆی دۆخێکی سروشتی نییە. گوتاری دوژمن هەوڵ دەدا بۆ سەقامگیرکردنی دۆخی بندەستی پەیوەندییەکانی ملکەچی وەکوو جیاوازییەکی سروشتی نیشان بدا، بەڵام گوتاری کوردایەتی دژی دەوەستێتەوە و دەیەوێ لە ڕێگەی جومگەبەندیی هاونرخی شێوازەکانی خەباتەوە، شۆڕشێکی فرەڕەهەندی بەکۆمەڵ ساز بکا کە تیایدا وەک قاسملوو ئاماژەی پێ دەکا نەمانی سێ شێوازی ستەمی نەتەوایەتی، چینایەتی و سیاسی دوا ئامانجی خەبات دەبێ.

ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدوای سازبوونی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانەوە کەوتووینەتە دۆخی بندەستی و لە ژێر سیستەمی کۆلۆنیالیزمی ئێرانیدا خاک و نەتەوەکەمان بەکۆلۆنی گیراوە. لە تیۆریی کۆلۆنیالیزمی وەخۆگردا، وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکی سیستەمی سوڵتەی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی، نیشانم داوە کە «کۆلۆنیالیزمی ئێرانی هاوکات لەگەڵ سەرکوت و توندوتیژی کە تایبەتمەندییەکی خێرا، ئاشکرا، ماڵوێرانکەر، دژەمرۆییانە و درندانەی هەیە و لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا پرۆژەی جۆراوجۆریان بۆ پێناسە کردووە، کەڵک لە مێکانیزمەکانی وەخۆگرانەی ئایدیۆلۆژیی ئێرانچیەتی وەردەگرێ کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، بە مەبەستی تواندنەوەی ناسنامەی کوردی، چەندین شێوازی بەخۆوە گرتووە. ئەم شێوازە لە ڕواڵەتدا هێواش، شاراوە، شارستانیانە، مرۆییانە، ئاکادیمیک و بەپێی بەهاکانی کولتووری کۆنی جێی شانازی و کۆنی ئێرانییە؛ ئێرانییەکان لە پرۆسەیەکی هەمیشەیی، نەگۆڕ و درێژخایەندا وا دەنوێنن کە بە گەرموگوڕی لەگەڵ کوردەکان هەڵسوکەوت دەکەن و لە ڕووی نەژادی، زمانی، ئایین و کولتوورییەوە، پێداگرییان لەسەر نزیکایەتی لەگەڵ نەتەوەی کورد کردووە» (ئەردەڵان ۲۰۱۹ب، ۲۷). کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر کە تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی لە هاوشێوەکانی دیکەیەتی، خۆی لە ڕاستیدا بۆ پاساوهێنانەوە، ئاسایی نیشاندان و بە یاسایی کردنی تاڵانکردن و چەوساندنەوە ساز بووە تا لە ڕێگەی کولتووری سەردەستەوە، دۆخی چەوساندنەوە وەک دۆخی هەنووکەیی

و سروشتی نیشـــان بدا. گەشەنەسەندوویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرەنجامی ڕاستەوخۆی مێکانیزمـــە ئابوورییەکانـــی کۆلۆنیالیزمـــی نێوخۆیی لە ئێرانە کە لە لایەکەوە ناسنامەی کوردیان وەک ئەویتری خۆیان و بە مەبەستی پەراوێزخســـتن پێناســـە کردووە (سـلێمانی و محەمەدپـور ٢٠١٩) و لە لایەکـــی دیکەوە، لە ڕێگەی دابەشـــکردنی هێـــزی کارەوە، هێزی کاری ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکان بە مەبەســـتی گەشـــەی ناوەندی ئێـــران گوازراونەتەوە و لە هەمان کاتدا ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکانی پەراوێز لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەی ناوەند دەکرێن و لە نەبوونی سیستەمێکی ئابووریی خۆبژێوی سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵات، سەرچاوە مادییەکانی کوردســـتان بەتـــاڵان دەبرێـــن (ئـــەردەڵان ٢٠١٩ئـــا). لێرەدا ئەم پرســـیارە ســـاز دەبێ بۆ ڕزگاری لـــەم چەوســـاندنەوەیە، نەتەوەی بەکۆلۆنیکراو دەبێ کەڵک لە چ شـــێوازێک لە خەبات وەرگرێ؟

پێش لەوەی کە ڕاســـتەوخۆ هەوڵ بدەم لە وەڵامی ئەم پرسیارە نزیک ببمەوە، دەمەوێ باســـێکی دیکـــەی پەیوەندیـــدار بورووژێنم. ئەگـــەر خەبات لە چوارچێـــوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخـــوازی لـــە کوردســـتان تەنیـــا بـــە بەرگری کورت بکەینەوە، توانای ســـازکردنی پرۆژەیەکی هێژمۆنیکمان لێ ســـەندووەتەوە. کاتێـــک دەڵێیـــن کوردســـتان کۆلۆنییـــە و خوازیـــاری ئەوەیـــن کـــە نەتـــەوەی کورد/ کوردستانی لە دۆخی بندەستی ڕزگار بکەین، دەبێ باس لـــە مێکانیزمەکانی ســـەرکوت و ســـوڵتە بکەین. بەمگوێرەیە، لەســـەر بنەمای لۆژیکـــی دیموکراســـی، بەڵگـــە دەهێنینەوە کـــە مرۆڤی کوردیش دەیـــەوێ بە ڕزگاری و ئازادی بژی. لەم ئاستەدا کەڵکمان لە لۆژیکی دێموکراتیک وەرگرتـــووە و دەبێ ئاگادار بین کە لۆژیکی دێموکراســـی بـــۆ جومگەبەندیی هـــەر پرۆژەیەکی هێژمۆنیـــک مەرجی تەواو نییە. «لۆژیکی دێموکراســـی تەنیا جێگۆڕکێ بـــە وێنایەکی بەرابەریخوازانـــە دەکا کەتیایدا هەندێک پەیوەندیی کۆمەڵایەتی زیاتر بەربڵاو دەبێتـــەوە، کەواتە تەنیا لۆژیکی ســـڕینەوەی پەیوەندییەکانـــی ملکەچی و نابەرابەرییەکانە. لۆژیکی دێموکراســـی، لۆژیکێکـــی ئەرێنیی بابەتی کۆمەڵایەتی نییە و هەر بۆیەش ناتوانێ خاڵێکی سەرەکی (a nodal point) دابمەزرێنێ کە بە دەوریدا بنیاتێکی کۆمەڵایەتی سەر لە نوێ ساز بکرێتەوە» (لاکلاو و موف، ١٨٨). لێرەوە بـــەم ئەنجامە دەگەین کـــە لایەنی تێکدەری لۆژیکی دێموکراسی، بۆ ســـڕینەوەی نەزمی پێشـــتر دەبێ لەگـــەڵ کۆمەڵـــە گەلاڵەیەک هاوکات بێ کە بە شێوازێکی ئەرێنی هەندێک دامەزراوە بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی لەخۆ بگرێ. ئەگەر داواکارییەکانی گرووپە ژێردەســـتەکان تەنیـــا وەک داواکارییەکی نەرێنی ئاراســـتە بکرێ کـــە نەزمێکی تایبـــەت هەڵتەکێنێ و پرۆژەی تایبەت و جێی ســـەرنجی بۆ دیسان بنیات نانـــەوەی کۆمەڵگا پێ نەبێ، لە هەمان ســـەرەتاوە تواناکەی بۆ کردەوەی هێژمۆنیک لەنـــاو دەچێ. شـــێوازی خەباتێـــک کە تەنیا لەســـەر بنەمای لۆژیکی دێموکراســـی بێ بە سیاســـەتێکی داخراو دەگا، بـــەڵام خەباتێک کە لەسەر بنەمای دێموکراسیی ڕادیکاڵ بێ، تەنیا کۆمەڵە داواکارییەکی دژەسیســـتەم لە ڕوانگەی بندەستەکانەوە نییە، بەڵکوو هەروەها بە شـــێوازێکی هێژمۆنیک بەرەو ســـەرلەنوێ ســـازکردنەوەی کۆمەڵـــگا لە لایـــەن گرووپە بندەســـتەکانەوە هەنگاو دەنـــێ. کەواتە ئەم سەرلەنوێ ســـازکردنەوەیە لە «ستراتێژییەکی پێکدژییەوە» بەرەو «ستراتێژیی سازکردنەوەی نەزمێکی نوێ» هەنگاو دەنێت.[۴]

بۆ وەڵامی پرسیاری پێشوو دەگەڕێمەوە بۆ ئەندێشەی قاسملوو کە بە ڕاشکاوی پێی وایە خودموختاری دەتوانێ لە ستەمی نەتەوایەتی ڕزگارمـــان بکا و هـــەر ئەمە بە سیاســـەتی واقعبینانـــەی نەســـلی خۆی لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستنیشان دەکا. لە هەمان کاتدا

خــۆی بە روونــی ڕێگەیەکی کــراوە بۆ دوو بژاردەی دیکە واتە فێدراڵیزم و ســەربەخۆیی دەهێڵێتەوە: «نەســلی داهاتــوو بۆخۆی بڕیار دەدا ئایــا وەک ئێمە خۆدموختــاری دەوێ یان نا. . . ئەگەر ڕۆژێک قەرار بێ مەســەلەن شــوعاری ســەربەخۆییمان هەبێ یەکێک لە شتەکان ئەوەیە کە لە باری نێونەتەوەییشەوە دەبێ وەزعەکە ئامادە بکرێ» (قاسملوو ۱۳۸۴چ، ۳۱۲). ئەگــەر لەم تێبینییەی قاســملوو ورد ببینەوە پرســیارێکمان لە لا ساز دەبێ بۆچی ئەو ڕێــگای خودموختاری هەڵبــژارد؟ دیارە جومگەبەندیی پرۆژەی قاسملوو بۆ ڕزگارییە و دەیەوێ مرۆڤی کورد لە چەوساندنەوە ڕزگار بکا. پێشتر باســمان لەوە کرد کە کوردستان و نەتــەوەی کورد لە لایەن دەوڵەت نەتەوەی ئێرانــەوە بەکۆلۆنی کراوە. لــە هەمان کاتدا ئەزموونــی مێژوویــی پاش قاســملوو بۆمان دەردەخا کە لــە پەیوەندییە کۆلۆنیالییەکانی ناوەندی ئێرانی/فارس لەگەڵ کورد نەک هیچ جیاوازییەک ڕووی نەداوە بەڵکوو هەروەها بە تۆکمەترکردنی هێژمۆنیی کولتووریی خۆیان لەسەر ئاستی کوردســتانی گەورە دەیانەوێ ناسنامەی کوردی لە هەناویدا بپووکێننەوە و ناوەرۆکی ئێرانیی بۆ ســاز بکــەن. کەواتە لە خەباتێکــی هێژمۆنیکی دژەکۆلۆنیالیســتیدا، ســەرەتا دەبــێ ڕۆژهەڵاتی کوردســتان بە ســەربەخۆیی بگا، چونکە هەتــا زنجیرەکانی وابەســتەییی نەتەوەی کۆلۆنــی بە نەتەوەی کۆلۆنیالیســتەوە مابێ، گۆڕانێکــی ڕادیکاڵ لــە پەیوەندییەکانــی ئــەم دوو نەتەوەیەدا ســاز نابێ کە لەســەر بنەمای چەوساندنەوە پێناســە کراوە. لە ئیســتادا ئێمە دەزانین کە کۆلۆنیالیزمی ئێرانی ڕۆژهەڵاتی کوردســتانی وەک پەراوێزێکی کۆلۆنی بۆ گەشــەی ناوەند بــەکار هێناوە. هــۆکاری گەشەنەســەندنی ڕۆژهــەڵات لەبــەر کەموکوڕیی یاســایی یا کەمتەرخەمــی ناوەنــد لــە مــاوەی تەمەنی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانیــدا نەبووە. بەڵکوو لە هەمان ســاتەوەختی پڕۆژەی ناســیۆنالیزمی ئێرانی، خاک (سەرچاوە مادییەکان) و نەتەوە (ســەرچاوە مرۆییــەکان وەک هێزی کار) بۆ گەشــەی ناوەند بەکار هاتووە و چەوســاتەوە یــان ئــەوەی پەراوێــز خــراوە. ڕۆژهەڵاتی کوردســتان بەئەنقەســت لە دۆخی کۆلۆنیدا هێشــتراوەتەوە و تیایدا ناســنامەی کوردی/ کوردستانی سەرکوت کراوە (ئەردەڵان ۲۰۱۹ئا). چونکە ئەگەر کورد وەک نەتەوەی بندەســت بیهەوێ لە دۆخی چەوساوەیی ڕزگاری ببێ، چیتر ناســیۆنالیزمی ئێرانی مانای نامێنێ. بە روونی بۆمــان دەردەکەوێ کە تەنانەت هێزە بەناو پێشــکەوتووخوازەکانی بەرەی چەپ لە ئێران (لە توودەی ســەدەی بیستەمەوە بگرە تا ئانارشیســتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ســەدەی بیســت و یەکەم) هێڵی سووریان ناسنامەی کوردی/کوردستانییە.[۵] لە ڕاستیدا، مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی هەر شۆڕشێکی دێموکراتیک، ســڕینەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کە لەســەر بنەمای چەوســاندنەوە ساز بوون و لە ڕۆژهەڵات لە هەنــگاوی یەکەمدا دەبێ کوردستان لە دۆخی کۆلۆنیالیزم ڕزگاری ببێ. بەڵام تێگەیشتنی پێشــووترلە شۆڕش ڕەنگە نەتوانێ بەم ئامانجــە کۆتاییە بمانگەیەنێت، چونکە هەم لە لایەکــەوە پێیوایە دەکرێ بە مانــەوەی پێکهاتەی سیاســیی ئێران مرۆڤی کــورد ڕزگاری ببێ؛ هەروەها لەم شــێوازەدا زیاتر بیر لەوە کراوەتــەوە کە یەک ناوەند بۆ چڕکردنەوەی هێز هەیە کە تیایدا کۆمەڵگا لە ڕێگەی هێزێکی شۆڕشــگێڕی پێشکەوتووەوە (هێزی پێشــمەرگە) بــەرەو ئامانجی کۆتایی هەنــگاو هەڵبێنێــت. بەڵام ئــەم دیمەنە لە لایەکــەوە ناتوانێ لە هەموو تواناکانی بەشــە چەوســاوەکانی ناو کۆمەڵگا بۆ شۆڕش کەڵک وەرگرێ و بە واتایەک کــراوە نییە، هەروەها ڕێگە بۆ هێزی سەرکوتکەری ڕێژیمی ئێرانی خۆش دەکا کە بە ئاســانی هێزی شۆڕشگێر ســنووردار بکا و لە ئاســتی کاریگەریی کەم

بکاتەوە. لێرەدا بۆ شرۆڤە و وردبوونەوەی زیاتر دەتوانین کەڵک لە چەمکی شەڕی پێگەی (the war of position) گرامشی وەربگرین.

گرامشی شەڕی پێگە لە بەرانبەر شەڕی مانۆڕ (the war of maneuver) دادەنێ کە شۆڕش تەنیا لە ڕاپەڕینی چەکداریدا دەبینێ و تیایدا چەک و تەقەمەنی بەکار دێت. هەڵبەت لە بەرانبەردا، سەرمایەداریی پێشکەوتوو لە ڕێگەی کولتوورییەوە کە درێژخایەنتر و ئاڵۆزترە شۆڕشی چەکداری بنکۆڵ دەکا. گرامشی بەپێچەوانەی کارڵ کاوتسکی و ستراتێژیی شەڕی بەچۆکداهێنان (the war of attrition) باس لەوە دەکا کە چیتر تەنیا شەڕی چەکداری وڵامدەری بەرەوڕووبەنەوە لەگەڵ سەرمایەداری نییە (لاکلاو و موف ۲۰۰۱، ۷۰) بەڵکوو دەبێ لە کۆمەڵگادا بتوانین لە هەموو جۆرەکانی بەرهەڵستکاری لە پێگە جیاوازەکاندا، دژ بە سوڵتەی کولتووریی سەرمایەداری کەڵک وەرگرین. قاسملوو وەک ستراتێژیستی حیزبی دێموکرات و پاش میلیتاریزەکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، بەخێرایی شەڕی جەبهەیی بەرەو شەڕی پارتیزانی دەبا، بەڵام لەوەش ئاگادارە کە ئەم شەڕە دەتوانێ زۆر درێژخایەن بێ چونکە «شەڕی پارتیزانی شەڕی ماندووکردنی دوژمنە، بۆیە زۆر وێ دەچێ، شەڕی ئێمە لە دژی دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی و دیکتاتۆری شەڕێکی درێژخایەن بێ.» (قاسملوو ۱۳۸۴ئا، ۲۵۷-۲۵۸).
هەر بۆیە قاسملوو لەم جۆرە ستراتێژییە نوێیە بۆ بەکارهێنانی شەڕی پێگە ئاگادار بووە و لەم ڕوانگەیەوە لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ:

*لەو بڕوایەدام کە ئەم ڕێژیمە لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازاد و نووسینی چەند وتار لە دەرەوەی وڵات ناڕووخێ. [بەڵکوو] دەڵێم لە ڕێگای زاڵبوونەوە ئەم ڕێژیمە لە بەین دەچێ؛ ئێستا ئەم زاڵبوونە ڕاپەڕینی چەکدارانە لە نێو شارەکان دەبێ یا تێکەڵێک لە شەڕی چەکدارانەی شاری لەگەڵ شەڕی پارتیزانی لە دێهاتەکاندا و مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی خەڵکی لە نێو شارەکاندا، لەو بڕوایەدام ناکرێ لە پێشدا ئەمە دیاری بکرێ. بەڵام سەبارەت بەوە کە داخوا ئەو ڕێژیمە دەڕووخێ ئەویش لە ڕێگای زاڵبوون بە سەریدا، من هیچ لە شک و گوماندا نیم کە ڕێژیم لە قەیرانێکی قووڵدایە (قاسملوو ۱۳۸۴ب، ۵۵).*

فرەچەشنکردنی بیاڤی سیاسی و ڕێگرتن لەوەی کە هێز تەنیا لە یەک ناوەندا چڕ ببێتەوە، یارمەتیدەری گوتاری کوردایەتی دەدا کە لە نێوان بزووتنەوەجیاکانی ناو کۆمەڵگای کوردی لە ڕێگەی جومگەبەندییەکی هێژمۆنیکەوە پێگەی فرەڕەهەند لە هەناوی یەکیەتییەکی دژەچەوساندنەوە بۆ خەبات ساز بکا. ئەگەر داواکارییەکانی دەستە و گرووپە جیاکان لێک جیاواز بن، لە زۆربەی کاتەکاندا پێکەوە ناگونجێن و هیچ جۆرە هاونرخییەک لە نێوانیاندا ساز نابێ. هەروەها کاتێک باس لەوە دەکەین کە کوردایەتی خەباتێکە بۆ لابردنی ستەم و چەوساندنەوە، کاتێک دەتوانین باس لەوە بکەین کە ئەم خەباتە توانایەکی هێژمۆنیکی هەیە کە بەسەر هەموو جومگەکانی ڕۆژهەڵاتدا شۆڕ ببێتەوە؛ هەروەها بتوانین بە شێوازێکی دێموکراتیک و پلۆراڵ ئەو نابەرابەرییانەی کە پەیوەندییەکانی سەرکوت و سوڵتە سازیان کردووە، پێکەوە جومگەبەندی بکەین. واتە ئێمە دەبێ لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی بەهێزی پێشووتر (گوتاری دژەچەوساندنەوەی کوردایەتی) بتوانین بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان لە هەمان کاتدا کە سەربەخۆن و گرنگی بە داخوازییەکانیان دەدرێ، هاونرخ بکەین و لە پێناوی ڕزگاریدا دوژمنی پێ لەناو بەرین و

پێگەکانی لە ناو کۆمەڵگادا پڕ بکەینەوە.

ئەم ستراتێژییە نوێیە کە من وەکوو خەباتی هێژمۆنیکی کوردایەتی ناوی لێ دەبەم، لە ڕێگەی خاڵی ناوەندیی دژەچەساندنەوەوە، جومگەبەندیەکی هێژمۆنیک دەکرێ و دژ بە هەموو شێوازەکانی بندەستییە. زنجیرەی هاونرخی خەباتە جیاکان دژ بە نابەرابەرییەکانی ناو کۆمەڵگان و چالاکییەکانی هەندێک بزووتنەوەی وەک دژە ڕەگەزپەرەستی، فێمێنیزم و دژەسێکسیزم، ژینگەپارێزی، و مافە مەدەنییەکان پێک دەبەستێتەوە و هەروەها هاوکات لەگەڵ خەباتی دژی ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی، لێکیان گرێ دەداتەوە. دەکرێ بوترێ لە خەباتی هێژمۆنیکی کوردایەتیدا، ئیرادەی بەکۆمەڵ بەرهەمی جومگەبەندیی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی ئەم هێزە بە ڕواڵەت پەرش و بڵاوانەیە و دەتوانێ هەموویان لە بزووتنەوەیەکی دژەچەوساندنەوە جومگەبەندی بکا. کوردایەتی[۶] بۆ جماندنی کۆمەڵانی خەڵک لەسەر بنەمای ڕێسای دێموکراتیکی ئازادی و بەرابەری هەوڵ دەدات و لە چوارچێوەی ماتریسێکی چەند بەشیدا وێنایەکی نوێ لە بابەتی سیاسی پێشکەش دەکا. خەباتی هێژمۆنیکی کوردایەتی مەبەستیەتی کە شۆڕشێکی دێموکراتیک ساز بکا و کۆتایی سیستەمێکی هیرارشی و نایەکسان ڕابگەیەنێ. لەم ڕووەوە، داواکاریی سوسیالیستی وەک ڕەهەندێکی گرنگ لەم شۆڕشە دەردەکەوێ. قاسملوو لە ڕاستیدا نزیک لەم ڕوانگەی بۆ سوسیالیزم هەبوو[۷]، هەر بۆیە لە کورتەباسدا پێش لە لە لاکلاو و موف باس لە ڕەهەندی ڕادیکاڵ و پلۆڕاڵی سوسیالیزم بۆ کوردستان دەکا:

> *[سوسیالیزمی ئێمە] نەک تەنیا نابێ ئازادییەک [لە ئینسان] بستێنێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەبێ زۆر زیاتریشی لە سەردەمی سەرمایەداری بداتێ. ئێمە دەبێ سوسیالیزمێک دروست بکەین کە نەک تەنیا دێموکراسی مەحدوود ناکا، بەڵکوو پەرەشی پێ دەدا... ئێمە کۆمەڵێکمان دەبێ کە لەودا گەشەکردنی ئازادانەی هەر کەس، شەرتی گەشەکردنی هەموانە (قاسملوو ۲۰۰۳، ۳۸).*

هەروەها لە درێژەدا بەم ئەنجامە گرنگە دەگات:

> *کەوابوو، ئێمە دەبێ سوسیالیزمێک دامەزرێنین کە دێموکراتیک بێ. ئەوە هەم بە مانای کەڵک وەرگرتن لە دەستکەوتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە و، هەم بە مانای کەڵک وەرگرتن لە ئازادیی فەردی و سیاسی و بەشدارکردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵانی خەڵک لە هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتدایە. لە سوسیالیزمی دێموکراتیدا، فەرد نە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەچەوسێتەوە و نە لە باری سیاسییەوە، هاونیشتمانیی وڵاتێک کە سوسیالیزمی دێموکراتیکی تێدا پێکهاتووە، هاونیشتمانییەکی ئازادە و بە ئازادی دەژی (قاسملوو ۲۰۰۳، ۴۰).*

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەم ئەو شتەی کە ڕێگە دەدا هەتا شێوازە جیاکانی بەرگری، تایبەتمەندییەکی خەباتێکی بەکۆمەڵ بەخۆوە بگرن، بوونی گوتارێکی کۆکەرەوە ودەرەکییە کە نەهێڵێ ئەو پەیوەندییانە وەک ئەو جیاوازییە کولتوورییە جومگەبەندیی بۆ بکرێ کە لە چوارچێوەی جیاوازیدا و لە لایەن گوتاری کۆلۆنیایستییەوە (و لە دواڕۆژدا لە ڕێگەی سەپاندنی کولتووری مشەخۆریی سەرمایەدارییەوە) وەک بابەتێکی ڕێژەیی کە پەیوەندیی بە لێکۆڵینەوەی

کولتوورییـــەوە هەیەســـەقامگیر ببـــێ.[8] ئەم گوتارە دەرەکییە، لە ڕێگەی حیزبەوە، وەکوو دامەزراوەیەکی سیاســـی، دەتوانێ خواســـتە جیاکانی ناو کۆمەڵگای کوردی بەدی بێنێ و بە گرنگیدان بە جیاوازییەکان و هێشتنەوەی ســـەربەخۆبوونیان، بەپێی لۆژیکی هاونرخی، جومگەبەندییان بۆ بکـــرێ. هەرچەند حیزب هەندێکجـــار وەک بەدیهێنەری بورۆکراســـی دەتوانێ ببێتە لەمپەر بۆ شۆڕشـــی کۆمەڵانی خەڵک بەڵام «دەشتوانێ ڕێکخەری کۆمەڵانی خەڵکی پرش و بڵاو بێ کە لە ڕووی سیاسییەوە ســـەربەمۆر ماونەتەوە و کەواتە دەتوانێ ببێتە ئامرازی بەرفراوانبوون و قووڵتربوونی خەباتی دێموکراتیـــک» (لاکلاو و مـــوف ٢٠١١، ١٨٠). لێرەدایە دەتوانین باس لەوە بکەین کە حیزبی دێموکرات هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە ڕابردوودا بەریەکی بەهێزی دژەچەوســـاندنەوەی ســـاز کـــردووە، لە داهاتووشـــدا دەتوانێ لە ڕێگەی خەباتێکی هێژمۆنیکەوە کۆمەڵانێکی خەڵک، زیاتـــر لە جـــاران بە دوو مەبەســـتی هاونرخ بجمێنێ. ســـەرەتا لە چوارچێوەی گوتارێکی دژەکۆلۆنیالیستیدا مانایەکی نوێ بۆ نەتەوەی بندەســـت، چینی چەوســـاوە، ژن، ژینگەی کوردســـتان/زاگرۆس و مافـــە مەدەنییەکانی هاووڵاتیان پێناسە بکا. ئەو گێڕانەوە مەزنەی کە دەتوانێ خەباتی هەر کام لەم بزووتنەوانە لە پیناو بەرابەری و ئازادی، بە شێوازیکی هاونرخ جومگەبەندی بکا گوتاری کوردایەتییە. خاڵی ناوەندی ئەم گوتارە دژایەتیکردنی هەر جۆرە چەوساندنەوەیەکە کە لە پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ساز دەبێ.

دوای ســـەربەخۆبوونی کوردســـتان، حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی پێشـــەنگی چـــەپ پەیوەندیی ئێمە/ئێوە لەســـەر بنەمای دژبەرایەتی و دۆســـت/دوژمن پێناســـە ناکا، بەڵکوو لە نـــاو کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک و پلۆراڵدا ئەم بەریەککەوتنە، تایبەتمەندییەکی نەیاریەتـــی بەخۆیـــەوە دەگرێ بگـــرێ. واتە هەرچەند نەیـــارەکان بۆ بە دەســـت گرتنی دەسەڵات پێکەوە ڕەقیبن و دەیانەوێ لایەنی بەرانبەریان لە گەیشـــتن بە دەسەڵات دوور بخەنـــەوە، بەڵام لە هەمـــان کاتدا جیاوازی و مافەکانیان قەبووڵ دەکەن و مەشـــروعییەتی پـــێ دەدەن. ئەم پەیوەندییە تەواو جیاواز لەو پەیوەندییە دەبێ کە لـــە قۆناغی کۆلۆنیالیزم نەتـــەوەی بندەســـت وەک دوژمن ســـەیری نەتـــەوەی سەردەســـت دەکا و دەیەوێ هەم مەشروعییەتی لێ بســـڕێتەوە و هەم لەناوی ببات.

## دەرەنجام

سیاســـەتی هێژمۆنی و دێموکراسیی ڕادیکاڵ چـــوار گریمانـــە ســـەبارەت بـــەو مەرجانە پێشکەش دەکەن کە لە ڕێگەیانەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییـــەکان دەتوانن لـــە بەدیهێنانی گۆڕانـــی کۆمەڵایەتیـــدا ســـەرکەوتوو بـــن: **١** هێزی گوتاری هێژمۆنێک: بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەتوانێ لە سازکردنی ئانتاگۆنیزمدا ســـەرکەوتوو بـــێ کـــە بتوانـــێ نابەرابەریی دەسەڵات لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەســـتە بکاتەوە و دوابەدوای ئەوە بتوانێ ئەو نابەرابەرییانە بە گوتارێکەوە گرێ بداتەوە کە پێشتر هەبووە و قەبووڵ کراوە. ئەم گوتارە دەبێ بتوانێ چۆنیەتیـــی ئەم ناعەداڵیەتییەی کە لە نابەرابەریی دەســـەڵاتدا هەیە شـــرۆڤە بکا و هەروەها بزووتنەوەی کۆمەڵاتیش دەبێ ئەم گوتارە بۆ جماندنی خەڵک و ڕاکێشـــانی پشتیوانیی ئەوان بۆ خۆی بە مەبەستی گۆڕانی کۆمەڵایەتـــی بەکار بێنێت. **٢** دێموکراســـی ئامانجێکی بزێـــوە و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەنگاوتنی پێویســـتی بە خێرایی و چالاکی هەیـــە. چونکە بە گۆڕانی واقیعی کۆمەڵایەتی نابەرابەریی نوێ لە ناو دەسەڵاتدا دەردەکەوێ و بزووتنەوەیەک ســـەرکەوتووە کە بتوانێ بە خێرایی و کارامەیی ئـــەم نابەرابەرییانە بکاتە ئامانج و لەگەڵیاندا بگونجێ؛ **٣** ئەو بزووتنەوە

کۆمەڵایەتییانەی کە داخراوترن تەنیا لەســەر بەدیهاتنــی یەک ئامانج چــڕ دەبنەوە و هەر لەم ڕووەوە شــیمانەی ســەرکەوتنیان کەم دەبێتــەوە. کەواتە بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییە ســەرکەوتووەکان ئەوانــەن کــە دەتوانــن چیرۆکێکی خوێندنــەوەی هاوبەش لەگەڵ ئامانجی دیاریکراو بــۆ گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان ســاز بکــەن؛ ۴ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ســەرکەوتوو دەبێ کــە بتوانێ وێنایەکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی بەدیل ســاز بکا. ئەگەر داخوازییەکانی گرووپێکی بندەست تەنیا وەکوو داواکارییەکی نەرێنی پێشــکەش بکــرێ و بیهەوێ نەزمــی هەنووکەیی تێک بشــکێنێ، بێ ئەوەی هیچ ڕێکارێکی کردەیی بــۆ ســەرلەنوێ ســازکردنەوەی کۆمەڵگە بە دەســتەوە بدا، بە ئەگەری زۆرەوە ناتوانێ لە هەمان سەرەتاوە کردارێکی هێژمۆنیکی هەبێ و لە ئاکامدا شکەست دێنێ.

لە کۆتاییی ئــەم توێژینەوەیەدا دەتوانین بپرســین کە پرۆژەی دێموکراسیی ڕادیکاڵ چــۆن دەتوانێ کاریگەری لەســەر عەقڵی باو لە کۆمەڵــگای ڕۆژهەڵات هەبــێ کە ڕەنگە زیاتر نەتەوەی کوردی وەک بریکاری گۆڕانی سیاســی و تێکدانی دۆخی هەنووکەیی سەیر کــردووە؟ دەکــرێ بــاس لــەوە بکەین کە خەباتــی هێژمۆنیکی کوردایەتی مەبەســتی ئەوە نییــە کوردایەتــی تێپەڕێنێت یاکوو لە خواســتەکانی بۆ گەیشتەن بە سەربەخۆیی و ڕزگاریی خاکی کوردســتان و نەتەوەی کورد چاوپۆشی بکا، بەڵکوو واوەتر دەچێ و دەیەوێ هــەم لە لایەکەوە بە گرنگیدان بە خواســتە ناســنامەیییەکانی کۆمەڵــگای ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان (وەکــوو خەباتــی فێمینیــزم، ژینگەپارێزی و دژە ڕەگەزپەرەســتی) بەرەو شۆڕشــێکی دێموکراتیک هەنگاو هەڵبگرێ. لــە لایەکــی دیکەشــەوە کاتێــک بکــەرە کۆمەڵایەتییــەکان فرەتــر دەبــن، گوتاری کوردایەتی دەتوانێ لە چوارچێوەی سازکردنی وێنایەکی دژەچەوساندنەوەدا ئەم بزووتنەوانە پێکــەوە جومگەبەنــدی بکا و نیشــانی بدا کــە بەرگریکــردن لە مافی کرێــکاران هیچ دژایەتییەکی لەگــەڵ داوای مافی بەرابەر لە لایــەن بزووتنەوەی ژنانەوە نییــە. بۆ نموونە قاسملوو وەک سوسیالیستێک، بەرگریکارێکی بەهێزی داواکاریی کرێکاران لە کوردســتان بــوو، لە هەمان کاتدا دەیزانی کە لە هەر دوو قۆناغی شۆڕشدا دەبێ بزووتنەوەی ژنان وەک یەکێک لــە بنەڕەتە گرنگەکانی ســازکردنی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک سەیر بکرێ:

*لەم بزووتنەوەیەدا دەبێ ژنان شــوێنێکی تایبەتییان هەم لە چالاکیی سیاســی و هەم لە کاروباری حیزبیدا هەبێ. حیزبی ئێمە باوەڕی بــە بەرابەریی ژن و پیاوە. بەڵام تەنیــا قەبوڵ کردنی ئــەم مافانە بــە مانــای وەدیهاتنیان نییــە، چونکە کەلێنێکــی گەورە لــە کۆمەڵگەکەماندا هەیــە و لە کۆتاییدا دەبــێ ئەم مەودایە نەمێنێــت. هەرچەندە ژنان چالاک بن و لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا بەشــدارییان هەبێ، بە هەمــان ئەنــدازە کۆمەڵگاکە مۆدێرنــە و بــە هەمــان ئەنــدازەش بزووتنەوەکــە دێموکراتیکــە و هەروەها بەختــی ئــەوەی هەیــە ســەرکەوێ» (وەرگیراوە لــە مونەزەمی ۲۰۱۱ ، ۴۴؛ منظمی ۱۳۹۲، ۹۹-۱۰۰)*

یاکوو داکۆکی کردن لە ژینگەی کوردســتان و هەوڵ بۆ پاراســتنی سەرچاوە مادییەکانی، هەمــان نرخــی بەرگریکردن لــە نەتەوەی کــوردی هەیە کە لە ناو کولتــووری فارس/ئێرانیدا نەتوێتەوە؛ هەر بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیســلامیی ئێــران بابەتــی ژینگەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک بابەتێکی ئەمنی ســەیر دەکا (حەســەنیان ۲۰۲۰). بەتایبەت کە بۆمان دەرکەوتووە ناســیۆنالیزمی ئێرانی

بۆ سازکردن و هێشتنەوەی جوگرافیایەکی ساختە هەموو ژینگەی کوردستانی بەتاڵان بردووە. تەنانەت بایەخی زنجیرەی هاونرخ لێرەدا گرنگە کە ئەو شوێنانەی زاگرۆس کە لە ئیستادا بەپێی سیاسەتی ناسنامە خۆیان لە ناسنامەی کوردی/کوردستانی بەدوور دەگرن وەکوو ناوچەی لۆڕستان دەکرێ لە ڕێگەی خەباتێکی هێژمۆنیکەوە لەگەڵ بزووتنەوەی دژەچەوساندنەوە گرێ بدرێتەوە.

هەروەها دەبیندرێ کە فرەچەشنبوونی زمانی/زارەکی، ئایینی و کولتووری لە کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بتوانێ کەڵکاژۆ لەم جۆراوجۆرییانە بگرێ و بەپێی لۆژیکی ناسیۆنالیزمێکی سنوردار و ڕەگەزپەرەستانە، بە تەوسەوە چالاکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بخاتە ژێر ئەم گوشارەوە کە گوایە ئێوە خاوەنی گوتارێکی هاوبەش و ڕێکخراو نین، کەواتە ئێمە ناتوانین وەڵامدەری داواکارییەکانتان بۆ نموونە لە ئاست مافی خوێندن بە زمانی کوردی (یا بە وتەی ئەوان خوێندنی زمانی کوردی) بین. لە پرۆژەی خەباتێکی هێژمۆنیکی کوردایەتی ئەم بابەتە و هاوشێوەکانی (وەک بوونی دوو ئەلفوبێ بۆ زمانی کوردی) نەک جێی مەترسی نین، بەڵکوو وەک دەرفەت سەیر دەکرێن کە لە قۆناغی یەکەمی ڕزگاریدا کۆهێزی گرووپە بندەستە پەراوێزخراوەکانی کوردستان دژ بە ناسیۆنالیزمی ئێران جومگەبەندی دەکرێن و هەم لە داهاتوودا و لە دێموکراسییەکی ڕادیکاڵدا ئەم فرەچەشنییە هیچ کە ناسڕێتەوە یا هەوڵ بۆ تواندنەوەیان لە سیستەمێکی ناوەندەرادا نادرێ، بەڵکوو ڕێگە دەردێ پۆتانسیەلەکانی بۆدەوڵەمەندتر کردنی کولتوورێکی ڕەنگاوڕەنگ بەکار بێت. هەر لەم مانایەدا، بەگوێرەی تیۆریی زاگرۆس (زەنگەنە ٢٠١٩) کوردستانی فەرهەنگی خاوەنی چەندین زمان/زار و ئایینە و کولتووری جیایە و تاکوو ئیستا لەبەر چەوساندنەوە هەموویان پەراوێز خراون؛ لە کاتێکدا گوتاری کوردایەتی دەرفەتی بەرابەر بۆ داخوازیی هەموو گرووپە بندەستەکانی ئەم هەرێمە بەرینە دەڕەخسێنێت.

## پەراوێزەکان

١. مستەفا زەنگین لەوتاریدوکتور قاسملوو ڕوخساری پۆستمارکسیزمی کورد(گۆڤاری تیشک ٥٣)، باس لە تایبەتمەندییەکانی فیکری قاسملوو لە دوو قۆناغی جیادا دەکا کە سەرەتا مارکسیستێکی ئۆرتۆدۆکس بووە و دواتر بەرەو سوسیالیزمی دێموکراتیک لە نامیلکەی کورتەباسدا ڕۆشتووە. نزیک لەم وتارەی من، زەنگین بەم ئەنجامە دەگا کە لەم قۆناغەی دواییدا بیرۆکەکانی قاسملوو لە ئەندێشەی لاکلاو و موف و تێزی دێموکراسیی ڕادیکاڵ نزیک دەبێتەوە.

٢. ئالان د. لە وتاری ڕاسان نیشانەیەک بۆ دەربازبوون لە قەیران (گۆڤاری تیشک ٥١) ئاماژەیەکی گرنگ بە چەمکی دێموکراسیی عەمیق لە چاوپێکەوتنەکەی قاسملوو دەکا کە لە تیڤی بی‌بی‌سی بڵاو بووەتەوە. هەرچەند وتارەکە زۆر کورتە و نزیک بە نیوەی وتارەکەی ئالان بۆ شرۆڤەی چەمکی قەیران تەرخان کراوە، بەڵام دەردەکەوێ نووسەر هەوڵیداوە لەسەر هەمان بنەمای تێگەیشتنی لاکلاو و موف فەلسەفەی ڕاسان شی بکاتەوە و وەک دەربازبوون لە قەیران نیشانی بدا. نووسەر بێ لەبەر چاو گرتنی دۆخی بندەستیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چۆنیەتیی دەربازبوون لە ستەمی نەتەوایەتی، ڕاستەوخۆ باس لەوە دەکا کە حیزبی دێموکرات دەبێ خەبات پلۆڕاڵ بکاتەوە و هەر بۆیە دوو ستراتێژی پێشنیار دەکا: یەک، ناسەربازیکردنی شەڕ و دوو دژایەتی‌نەکردنی هیچ حیزبێکی کوردی. ستراتێژیی یەکەم هەمان ستراتێژیی شەڕی پێگەی هێژمونییە کە گرامشی باسی لێ دەکا و لەم وتارەی بەردەستاندا باسی لێ کراوە. هەرچەند، بە باوەڕی من، دەرکی نووسەر لە خەبات، لەسەر بنەمای خەباتێکی سوسیالیستی لە وڵاتێکی ڕۆژئاواییە کە لە دۆخی سەربەخۆییدان و ئانتاگۆنیسمی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دێموکراسییەوە بەرەبەرە جێی خۆی بە ئاگۆنیسمی کۆمەڵایەتی داوە (هەرچەند ڕەنگە زیاتر مۆدێلەکان لە دێموکراسییەکی لیبراڵ نزیک بن). بەڵام، ئەم ڕوانگانەی نووسەر لە ڕاستیدا بۆ دەرکێکی هابرماسیانە لە دێموکراسی دەگەڕێتەوە کە لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە و خۆی لە خۆیدا کۆکردنەوەی لاکلاو وموف لەگەڵ هابرماس هەندێک کێشەی جیددی لێ دەکەوێتەوە. لاکلاو و موف لە دووەم پێشەکیدا (٢٠٠١) کە بۆ کتێبی هێژمونی و ستراتێژیی سوسیالیستی نووسیویانە هێڵی جیاکەرەوەی خۆیان لە پرۆژەی دێموکراسیخوازیی هابرماس (مۆدێلی دێموکراسیی ڕاوێژکاریانە deliberative democracy) نیشان داوە. هەرچەند لاکلاو و موف وەک هابرماس پێیان وایە کە ناکرێ مێکانیزمەکانی دێموکراسی ئاوڕ لە جۆراوجۆریی گروپەکان و بەرژەوەندییەکانیان نەداتەوە و لە خەباتێکی دێموکراتیکدا دەبێ گوێ لەو دەنگە جیاوازانە بگیرێ کە لە کۆمەڵگادا هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەخنە

لە ئاشتبوونەوەیەکی کۆتایی دەگرن کە «ئێمە»یەکی گشتگیر ساز بکا و هابرماسییەکان پێیان وایە بە کەڵکوەرگرتن لە هاودەنگییەکی عەقڵانی دەتوانن پێی بگەن. ئەم تایبەتمەندییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە باوەڕی لاکلاو و موف بێ ململانێ و دابەشکاری، سیاسەتی دێموکراتیک نامومکینە (لاکلاو و موف ۲۰۰۱، xvii). بە واتایەکی تر دەرکی ئالان د. لە سیاسەت بۆ ئەوەی هیچ ناکۆکییەک لە مانا ئانتاگۆنیستییەکەی نەمێنێ لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە عەقڵانیەتی پەیوەندی، جێگای عەقڵانیەتی ئامرازی بگرێتەوە و پێی وایە لە ڕێگەی گفتوگۆی ئازاد لە هەرێمی سیاسەتدا، دەکرێ بە کۆدەنگییەکی ئەخلاقی و عەقڵانی بگەین. لەم مۆدێلەدا، سیاسەت نە لە ڕێگەی ئابوورییەوە بەڵکوو لە ڕێگەی ئەخلاقیاتەوە دەرک دەکرێ(موف ۲۰۰۵، ۸۴-۸۹).

۳. محەمەد حەقمۆرادی لە وتارێکی سەرنجڕاکێشدا بە ناوی ضرورت تاسیس «دیگری» در گفتمان هویت کردی (پێویستبوونی ڕۆنانی «ئەویتر» لە گوتاری ناسنامەی کوردی) ڕێک لەم ڕوانگە شمیتییەی موفەوە بۆ پەیوەندیی دۆست/دوژمن دەڕوانێت. ئەم وتارە هەڵگری چوارچێوەیەکی تیۆریی بەهێزە، بەڵام مەخابن لە کاتی بەکارهێنانی تیۆرییەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی (کوردایەتی) سەرەڕای ئەوەی بە شێوازێکی لاواز دەردەکەوێ، هەروەها لەبەر تێنەگەیشتن لە ئەدەبیاتی سیاسی و ناسنامەخوازیی کوردایەتی بە هەندێک دەرەنجامی سەیر دەگات. حەقمۆرادی بێ‌هێنانی باسێکی مێژوویی بۆ خوێندنەوەی بزووتنەوەی کوردی دەڵێ کە کورد ناسیۆنالیزمی نییە و «ئەویتر» وەکوو مەرجی سازکردنی «خود» لە گوتاری ناسنامەی کوردیدا نییە (۱۳۹۸، ۱۹). هەرچەند کەمێک دواتر لەم دڵنیابوونەوەی کەم دەبێتەوە و دەنووسێت «ڕەنگە بکرێ باس لە گوتارەکانی ناسنامەی کوردی بکرێ، بەڵام ناکرێ باس لە گوتارێکی هێژمونیک بکرێ» (هەمان، ۲۰). هەڵبەت، نووسەر هەوڵ دەدا کە تەواو پابەند بە تیۆرییەکان بێ و هەر بۆیە شمیت وەکوو شمیت قبووڵ دەکا و لە هەمان کاتدا کە چەندین لاپەڕە لەسەر ڕوانگەی لاکلاو و موف بۆ شمیت دەنووسێ، بەڵام ئاوڕ لەم باسە ناداتەوە کە موف بەئاشکرا باس لەوە دەکا کە ڕوانگەکەی «لەگەڵ شمیت و دژ بە شمیتە» (موف ۲۰۰۵، ۱۴). ئەم تێگەیشتنە یارمەتیمان دەدا لەوە تێبگەین بۆچی شمیت قبووڵی نەدەکرد کە دەکرێ لە ناو حیزبێکدا پەیوەندیی دژبەرایەتی نەبێ. موف لە ڕێگەی چوارچێوەی سیاسەتی دێموکراتیکەوە باس لەوە دەکا کە ئەرکی دێموکراسی گۆڕانی دژبەرایەتی بۆ نەیاریەتییە؛ هەر بۆیە لە دێموکراسییەکی ڕادیکاڵدا بابەتی سیاسی لەسەر بنەمای دژبەرایەتی و پەیوەندیی دۆست/دوژمن ساز نابێ، بەڵکوو ئەویتر وەک نەیارێک سەیر دەکرێ کە مەشروعییەتی هەیە. بە گرنگیدان بەم باسە بەرەو لایەنی دووەمی ڕەخنەکەم هەنگاو دەنێم کە لەبەر گشتاندن و سەرنج نەدان بە وردەکارییە مێژووییەکان، نووسەر بەم ئەنجامە دەگا کە «ئەویتری» کوردێک هەمیشە کوردێکی تر بووە. لانیکەم لە سەردەمی سمکۆوە کە ناوی «ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم»ی بۆ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەی (۱۹۲۱)دانابوو هەتاکوو ئەنجامی ڕێفراندۆمی باشووری کوردستان بە جیابوونەوە لە عێراق، گوتاری کوردایەتی بەردەوام لە ڕێگەی لۆژیکی هاونرخی و جیاوازییەوە، لە قۆناغە جیاکانەدا دوژمنی لە بەرانبەر «ئیمە»ی کورددا ساز کردووە. ئەگەرنا چۆن دەتوانین هەڵسووکەوتی زۆرینەی دەنگدەرانی باشووری کوردستان بۆ جیابوونەوە لە عێراق و بە دوژمن سەیرکردنی عەرەب شرۆڤە بکەین؟ بێگومان دەکرێ لەگەڵ نووسەر لەمەدا هاوڕا بین کە گوتارێکی هێژمونیک لە سەرتاسەری کوردستان بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دەستنیشان ناکرێ کە هێزی جووڵانی کۆمەڵانی خەڵکی هەبێ. بەڵام ئەم شێوازە ڕوانینەی نووسەر، چاوپۆشی کردنە لە مێژوویەکی سەد ساڵەی شۆڕش کە تیایدا سەدان هەزار پێشمەرگە دژ بە «دوژمن» شەڕیان کردووە. دیارە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی هەر وەک گوتارێکی دیکە دەتوانێ و پێویستە سەر لە نوێ خۆی ڕێک بخاتەوە بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئیستا و لەم ساتەوەختەدا من زانیومانە دوژمن کێیە و پێش لە من/ئێمە دوژمن بۆ کورد نەناسراوە.

سپاسی دوکتۆر کەماڵ سلێمانی دەکەم بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو جیاکارییە گرنگەی کە لە نێوان دووانەی دۆست/دوژمن لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد و شەوی عەجەمدا هەیە.

۴. عەباس وەلی لە وتارێکدا بە ناوی بێدەنگیی ڕۆژهەڵات (سکوت روژهلات) کە پەیوەندی بە لایەنی تیۆریکی توێژینەوەکەی منەوە هەیە، ویستوویەتی هۆکارەکانی، بە وتەی نووسەر، بێدەنگیی ڕۆژهەڵات پۆلینبەندی بکا. وەلی، وەک بەرهەمە پێشووەکانی کەمتر سەرچاوە بە بنەمای تیۆریکی وتارەکەی دەدا، بەڵام ئاشکرایە کە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەکەی هەمان «دێرین‌ناسیی بێدەنگی»یە (archaeology of a silence) کە لاکلاو و موف لە بەشی یەکەمی کتێبی هێژمونی و ستراتێژیی سوسیالیستی، ئاماژەیان پێداوە تا لە ڕێگەی چەمکی هێژمونییەوە ئەو پچڕانەی کە لە پێویستیەتی زنجیرەی مێژوویدا ڕووی داوە پڕ بکەنەوە (۲۰۰۱؛ ۷). هەرچەند، وەلی بە درووستی ئاگاداری کێشەکانی خوێندنەوەیەکی مێژووییانەیە، بەڵام دیسانەوە لەبەر دوو هۆکار دەکەوێتە داوی جەوهەرگەراییەکەوە کە خۆی لە سەرەتای بابەتەکەیدا بەتوندی ڕەتی کردووەتەوە. یەکەم کێشە بۆ پابەندبوون بە بنەماگرتنی یەکەیەکی سیاسی بە ناوی جوگرافیای ئێران دەگەڕێتەوە و بەردەوام لە بابەتەکانی وەلیدا وەک یەکەیەکی ئەزەلی سەیر دەکرێ. لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەنجامی سەرکوتی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و لە سەدەی بیستەمدا پێناسە بکرێ. لە کاتێکدا سازبوونی یەکەیەکی سیاسی بە ناوی ئێران بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، وەلی دەنووسێت: «بەدرێژایی پێنج سەدەی ڕابردوو، باشترین قۆناغ بۆ ناوچە کوردنشینەکان، ئەو قۆناغە بوو کە ئەم ناوچانە لە لایەن میرنشینە نیوەسەربەخۆکانەوە، کە لە بەرزترین ئاستدا سەروەرییەکی ڕەهایان هەبوو، ئیدارە دەکران و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانلەسەر بنەمای خەراج ساز کرابوو» (۱۳۹۶، ۶؛ پێداگریکردنە هی منە). لانیکەم هەر توێژەرێک کە کەمترین ئاشنایی لەگەڵ مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێ دەزانێ کە لە ماوەی ئەو پێنج سەدەیەدا (۱۹۰۰-۱۴۰۰) چەندین پاشایەتی بە سەر بەشگەلێک لە جوگرافیای سیاسیی ئەو ئێرانەی لە سەدەی بیستەمدا ناسراوە، حکومەتیان کردووە و ناوێک لە «دەوڵەتی ئێران» بە هیچ شێوازێک لە ئارادا نەبووە. ئەم بە جەوهەرگرتنی ئێران دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی کوردی بە پاشکۆ و لە ڕاستیدا بە پەرچەکرداری ناسیۆنالیزمی ئێرانی ئەژمار بکرێ و وەلی بەرەو ئەنجامی لۆژیکی ئەم جەوهەرگەراییە دەبا. دیارە، چوارچێوەی باسەکەی لاکلاو و موف

بۆ خەباتی سوسیالیستی لە «وڵاتانی ڕۆژئاوا» دەگەڕێتەوە کە خاوەنی یەکەیەکی سیاسیی دیاریکراون. وەلی بێ ئاوڕدانەوە لەم باسە، دەقاودەق هەندێک لە ئەنجام و ڕێکارەکانی پرۆژەی دێموکراسیی ڕادیکاڵ لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکار دێنێ. سەرەڕای ئەوەی وەلی زانیاریی زۆر کەمی لەسەر جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و فەکتەکانی زۆربەی کات بە ناوچەی موکریان (و تەنانەت تەنیا بە مەهاباد) سنووردارن، ئاگاداری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە کە چۆن لەگەڵ کوردایەتی (ناسیۆنالیزمی کوردی) جومگەبەندی کراون، هەروەها بە دەرخستنی گۆچانێکی مووسایی لە کۆتاییی وتارە دوورودرێژەکەیدا بیرۆکەی ئێرانچیەتیی خۆی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردی بەم شێوەیە نیشان دەدا: «سەرکەوتنی حیزبی هادەپ لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥ شایەتی دەدا کە بەرنامەیەکی سیاسیی بەربڵاوتر، وەکوو بەشێک لە بەرگرییەکی دێموکراتیک لە تورکیا، یارمەتیی هادەپی دا کە سنووری لە سەدا دە بۆ چوونە ژوورەوە بۆ پارلەمان تێپەڕێنێت. . . سەرکەوتنێک کە حیزبە سیاسییەکانی کورد، زۆربەی کات لەبەر خۆبەرتەسک کردنەوە لە ناو سنوورەکانی قەومی – زمانی و پابەندبوون بە ناوچەگەرایی، تا ئەو کاتە بە دەستیان نەهێنابوو. بەپێچەوانەوە، شکەستە یەک لە دوای یەکەکانی پرۆژەکانی خودموختاریی ناوچەییی کوردی لە ئێران و عێراق و هەروەها دۆخی نالەباری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق نیشاندەری شکستی ئەو پرۆژانەن کە قەومی کورد بە ناوەند دەگرن لە کاتێکدا لە سیاسەتێکی ڕاستەقینەی دێموکراتیک لە لایەن دەوڵەتی حاکمدا نابیندرێ» (هەمان، ٢٨). هەرچەند منیش لەگەڵ بنەمای ڕەخنەکانی وەلی لە پرۆژەی خودموختاری هاوڕام و پێم وایە ئەزموونی خەباتی ئێمە بەتایبەت لە ڕۆهەڵات و باشوور نیشانی دەدا کە حاکمییەت و هەروەها جومگەبەندیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، عەرەبی و تورکی ڕێگرن لەوەی کە سیاسەتێکی پلۆراڵ و دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ لەم وڵاتانەدا ساز ببێ. کەواتە ڕێگەچارەی پرۆژەی پێشڕەوی کوردایەتی، پچڕاندنی زنجیرەکانی کۆلۆنیالیزم و وابەستەییییە کە بەم دەوڵەت نەتەوانەوە دەیانبەستێتەوە. ئەم دەوڵەت نەتەوانە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای بەکۆلۆنی گرتنی کوردستان دامەزراون و مەشروعیەتیان پەیدا کردووە. بەپێچەوانەوەی ئەم بۆچوونە، ڕێگەچارەی وەلی تێکەڵاوبوونی ناسنامەی کوردی لە ناو ناسنامەیەکی مەدەنیی تورکیایی و ئێرانییە. هەر بۆیە ئەو خوازیاری قەومییەتسڕینەوە لە ناسنامەی دەسەڵاتی حاکم بە سەر تورکیا و ئێرانە (وەلی ١٣٩٨، ١٦-١٧). واتە هەرچەند وەلی ڕەخنەگری سیاسەتە لیبراڵییەکانی ئیسلاحی دەستووری بنچینەییییە، بەڵام بە ڕێگایەکی جیاواز خوازیاری ئەوەیە کە ناسنامەی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوازێکی ڕادیکاڵ دێموکراتیک ببێ. ئەگەر ئەم شێوازە بە بنەما بگرین خەڵکی ئێران لەسەر بنەمای ئێرانیبوون مافی هاووڵاتیبوونی هەیە و لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدا نابێ قەومیەتی فارس، تورک یا کورد خۆی نیشان بدا.

٥. کامەران مەتین لە وتاری «چەپی ئێرانی، گۆڕانی ڕادیکاڵ و پرسی نەتەوەیی» ڕەخنە لە ستراتێژیی چەپ لە ئێران دەگرێ و دەیەوێ بە تیشک خستنە سەر پرسی نەتەوەیی لە ئێران «ستراتێژییەکی نوێی سەرکەوتوو بۆ چەپی ئێرانی» داڕێژێت. بە باوەڕی مەتین بۆ گەیشتن بە دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ و پێشکەوتوو، چەپی ئێرانی نابێ لە کاتی خەباتدا تەنیا پشت بە بریکارییەتیی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار ببەستێ، بەڵکوو هەروەها دەبێ کەڵک لە هێزی کەمینە نەتەوەیییە سەرکوتکراوەکان و گرووپە پەراوێزخراوەکان و خەباتی ژنان وەربگرێ. مەتین، هەرچەند، بە درووستی لەسەر هەمان بنەما کە من لەم وتارەدا بەکارم هێناوە بیرۆکەی خۆی پەرە پێ دەدا و دژ بە جەوهەرگەرایی دەوەستێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی پارادۆکسیکال بنەمای فیکریی خۆی لەسەر جەوهەرگەرایی و پشت بەستن بە چەمکی «ئێران» وەکوو یەکەیەکی یەکپارچەی نەگۆڕی لەمێژینە، لە ڕووی سیاسییەوە، دەبەستێت. واتە هەوڵی ئەو بۆ نوێکردنەوەی خەبات لە ئێران بۆ مانەوەی پێکهاتەیەکی ساختەیە کە لە هەمان یەکەم ڕۆژی سازبوونیەوە لەسەر بنەمای بەکۆلۆنی کردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان دامەزراوە. پێکهاتەیەکی سیاسی بە ناوی ئێران کەمتر لە سەد ساڵ تەمەنیەتی و بێ بوونی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی هاوبەش و لەسەر بنەمای کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە دەرەوەی گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانییەوە دامەزراوە. هۆکاری گەشەی لاسەنگ لە کوردستان ناکارامەییی بەرپرسان و نەبوونی یاسا و پلانی درێژخایەن نەبووە (یاکوو کەمترخەمی بەرەی چەپی شۆڕشگێڕ)، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەرەنجامی ڕاستەوخۆی پەراوێزخستنی کوردستان، گواستنەوە و بەکارهێنانی هێزی کاری کوردستان لە ناوەندی ئێران و بەتاڵانبردنی سەرچاوە ماددییەکانی کوردستان بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی ناوەند بووە (ئەردەڵان، ٢٠١٩ئا). دەرکی ناتەواوی مەتین لە دێموکراسیی پلۆراڵ و ڕادیکاڵ دەبێتە هۆی ئەوەیکە بە شوێن سازکردنی گوتارێکی گشتگیری سوسیالیستی بۆ ئێران بێ. ئاشکرایە، لاکلائۆ و موف بۆ خۆیان باوەڕیان وایە ئیمکانی گوتاری یەکپارچەی چەپ لەناوچووە (١٩٨٥، ١٩١-١٩٢). هەر بۆیە، پێم وایە لە ئێران لەبەر ئەوەی بەرنامەی دێموکراسیی ڕادیکاڵ لەسەر بنەمای دامەزراوەی یاسایی، سیستەمی پەروەردەیی، پەیوەندییەکانی کار و گوتارەکانی بەرگری لە نێوان نەتەوە/گروپە پەراوێزخراوەکان دادەمەزرێ و فۆڕمگرتنیان لە کوردستان (لەسەر بنەمای گوتاری کوردایەتی) لە جەمسەرێکی پێکدژی بەرنامەی چەپی ئێرانی جومگەبەندی کراوە، ناتوانین باس لە ستراتێژییەکی چەپی شۆڕشگێڕانە بۆ هەموو ئێران بکەین. بۆ نموونە لە جومگەبەندیی دژەچەوساندنەوەی ستراتێژیی سوسیالیستیی حیزبی دێموکرات، وەک دوژمن سەیری پاشماوەی چەپی ئێرانی دەکرێ. هەر بۆیە پاش لە یەک سەدە سیستەمی سوڵتەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی بەسەر کوردستان و هەروەها سەرکوتی ئاشکرای دەنگی ئازادی لە کوردستان کە خاڵی هاوبەشی ناسیۆنالیزم و بەرەی چەپی ئێرانییە، نوێکردنی پرۆژەی چەپ بە مانای سڕینەوەی پێگەی سوژەی جیاوازی کوردییە کە لە ئاکامدا ناچارە لە ناسنامەی ئێرانیدا بتوێتەوە. جێی ئاماژەیە، مەتین تەنانەت لە کتێبی سەرەکیی خۆی کە سەبارەت بە شۆڕش لە ئێرانە و لە سەدەی شازدەیەم تاکوو شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) لەخۆ دەگرێ، تنیا لە یەک شوێندا و بە شێوازێکی لاوەکی باس لە کۆماری کوردستان وەک دەرەنجامی بۆشاییی دەسەڵات دەکا کە بە پشتگیریی یەکیەتیی سۆڤییەت ساز بووە (مەتین ٢٠١٣، ٩٠). هەوڵی مەتین بۆ سازکردنی تیۆرییەکی گشتیی کۆمەڵایەتی و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مۆدێرنیتەی ئێرانی لە چوار سەدەدا، لەسەر بنەمای گریمانەگرتنی یەکەی کۆمەڵگای ئێرانییە. هەرچەند

نوێکاری هێنانە باســـی کاریگەریی بواری نێودەوڵەتی بۆ ناو تیۆریی مارکســـیزم لە ڕێگەی بەکارهێنانی تیۆریی گەشـــەی لاســـەنگ و لێکدراوی ترۆتسکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام لەم مۆدێلە نوێیەشدا و لە کاتی ئاوڕدانەوە لە بەســـتینی نێوخۆیی، گرنگیی سیاسەتی ناسنامە و داخوازییەکانی نەتەوە غەیرەفارســـەکان وەک بزوێنەری شـــۆڕش لانیکەم لە کاتی مەشروتەخوازییەوە کەمتر لەبەر چاو گیراوە.

٦. بەکارهێنانی هەندێک چەمک وەکوو کوردایەتی، نەتەوەی کورد و کوردستان، بەرەورووی هەمان ڕەخنەمان دەکا کە لە جەوهەرگەرایی دەگیرێـــت. بۆ نموونە من لەســـەر هەمان بنەمـــا، ڕەخنەم لە وەلی و مەتین گرتـــووە کە چەمکی ئێران وەکـــوو جەوهەرێکی نەگۆڕ لەمێژینەی سیاســـی بەکار دێنن. بـــەڵام جەوهەرگەراییەک کە لە کاتی بەکارهێنانی چەمکی کوردســـتان خۆی نیشـــان دەدا لەگەڵ ئـــەوەی پەیوەندیی بە ئێرانەوە هەیە بەپێی هەمان ڕێســـای ڕزگاری و خەبات بۆ گەیشـــتن بە بەرابەری لێک جیاواز دەبێتەوە. سپیڤاک لـــە وتـــاری «ئایا بندەســـتەکان دەتوانن قســـە بکەن؟ (ســـپیڤاک ٢٠٠٣) ئامـــاژە بەم لایەنی ســـتراتێژیکییەی جەوهەرگەرایی دەکا. دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە جەوهەرگەراییە ئەرێنییە، بە شـــێوازێکی ســـتراتێژیک لە لایەن نەتەوە، ژنان و گرووپە بندەستەکانەوە بەکار دێ بۆ ئەوەی یارمەتیدەریان بێ تا خەڵک لە ڕێگەی وشـــیارییەکی بەکۆمەڵـــەوە بجمێـــن و ئامانجە سیاســـییەکانی خۆیان وەدەســـت بهێنن. کەواتە جەوهەرگەرایی ســـتراتێژیک ڕێگەمان پێ دەدا، بە مبەســـتی ڕزگاری لە دۆخی بەکۆلۆنیبوون و چەوساندنەوە، باس لە کولتوورێکی هاوبەش لە کوردســـتان بکەینەوە. لە هەمان کاتدا هەر وەک لەم وتـــارەدا ئاماژەم پێ داوە تایبەتمەندیی تاقانەی کولتووری کوردســـتانی بۆیە دەبێ دێموکراتیک بێ تا هاوکات لەگەڵ هاونرخ کردنی خەباتەکان، جیاوازییەکان نەسڕێتەوە.

٧. عەلی مونەزەمی لە تێزی ماستەری خۆیدا هەوڵی داوە چوارچێوەی ئەندێشەی قاسملوو تاوتوێ بکا. هەڵبەت لێکۆڵینەوەی مونەزەمی، لە ژێـــر گرنگیدان بە پرســـی خودموختاری/فێدراڵیزم خوێندنەوەیەکی لیبراڵی بۆ قاسملوو بە دەستەوە دەدا و تا ئەو شوێنە دەڕواتە پێشەوە کە کەڵک لە بەراوردکردنی ئەندێشـــەی قاسملوو لەگەڵ بیرمەندی لیبراڵی ئامریکایی، جان ڕاولـــز، وەردەگرێ (مونەزەمی ٢٠١١، ٤٩؛ ١٣٩٢، ١٠٩-١١٠). ئەم لێکدانەوە بەراوردکارییە لەوەدا جێی سەرنجە کە بەئاشـــکرا قاسملوو سۆسیالیست بووە و بەدڵنیاییەوە بیرۆکەکانی لە چوارچێـــوەی پارادایمێکـــدا بیچمیان گرتووە کـــە ناکۆکییەکی بنچینەیییـــان لەگەڵ لیبراڵیزم هەیە. ئەم شـــێوازە خوێندنەوەیە بۆ قاسملوو، لە لایەکەوە هێزی شۆڕشگێڕانەی بیرۆکەکەی لاواز دەکەن و چیتر ناکرێ ئاراســـتەیەکی دژەکۆلۆنیالیستییان پێ بدرێ، چونکە هەر جۆرە پرۆژەیەکی لیبرالیزمی سیاسی لەسەر بنەمای سڕینەوەی ئانتاگۆنیسم و ســـازانی کۆتایی ڕێک دەخرێ. لە لایەکی دیکەشەوە قووڵاییی ئەو باســـانەی قاســـملوو بۆ ســـازکردنی کۆمەڵگایەکی بێ چەوساندنەوە لە ئاســـتی گرنگیدان بە مافە مەدەنییەکان بەرتەسک دەکرێتەوە. ئەم تێگەیشتنە لە قاسملوو، ڕێک بەپێچەوانەی باسەکەی من لەم وتارەدایە کە ویستوومە لە چوارچێوەی پرۆژەی دێموکراسیی ڕادیکاڵدا خوێندنەوە بۆ میراتی فیکریی قاســـملوو بکەم و نیشـــانم داوە کە دەرکی قاســـملوو لە سوسیالیزم لەسەر بنەمایەکی ڕادیکاڵ بووە. ڕەنگە سەرنجڕاکێشـــیی بیرۆکەی لیبراڵیزمی سیاســـیی ڕاولز بـــۆ مونەزەمی بۆ ئـــەوە بگەڕێتەوە کە ڕاولـــز توانیویەتی لیبراڵیزمی سیاســـی لە لیبراڵیزمی ئابووری جیا بکاتـــەوە. ڕاولز هەروەها هەوڵ دەدا لە ڕێگەی تێزی «عەدالەت وەکوو ئینســـاف» پرســـی یەکسانی و ئازادییەکانـــی تاک لە جێگای چاکەی گشـــتی دابنێ. بۆ ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی زیاتر ســـەبارەت بە لیبراڵیزمی سیاسی ڕاولز سەیری بەشـــی ســـێیەمی کتێبی گەڕانەوە بۆ بابەتی سیاســـیی موف بکەن (١٩٩٣، ٤١-٥٩).

٨. لاکلاو و موف لە کۆتاییی پێشـــەکیی دووەم بۆ کتێبی هێژمونی و ســـتراتێژیی سوسیالیســـتی ڕەخنەیەک لـــە تیۆرییەکەی خۆیان دەگرن. چوارچێوەی ئەم مشـــتومڕەی کە لە درێژەدا باســـی دەکەم یارمەتیدەری ڕامانێکی زیاتر لەمەڕ گرنگیدان بە بواری لێکۆڵینەوەی کولتـــووری لە ئێران و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات. چونکە لە ماوەی دوو دەیـــەی ڕابردوودا دەبینردێ کە توێژەرە کوردەکان بە زۆری ڕوویان لە لێکۆڵینەوە ســـەبارەت بە کولتووری کوردی/کوردســـتان کردووە. لاکلاو و موف بـــاس لەوە دەکەن کە هەندێک بۆچوون هەیە کە لە جیاتی گرنگیدان بە سیاسەتی ناسنامە لە بەرەی چەپ، گەنگەشەی ئەوە دەکەن کە «دیســـانەوە بۆ خەباتی چینایەتی بگەڕێینەوە»؛ ئەم لایەنە باوەڕی وایە کە بەرەی چەپ بەرەبەرە لەوە نزیک بووەتەوە کە خۆی بۆ پرسی «کولتووری» تەرخان بکا و وای لێ هاتووە کە خەباتی دژە نابەرابەریـــی ئابـــووری بەجێ بهێڵێت. لـــە ئەنجامدا، ئەم دەنگە جیایە بەم ئەنجامە دەگا کە لە جیاتی «سیاسەتەکانی ناسنامە» دەبێ ســـەر لە نوێ گوێ لە داواکارییەکانی چینی کرێکار بگیرێت. لاکلاو و مـــوف چ وڵامێکیان بۆ ئەم ڕەخنەیە هەیە؟ ئەوان قەبووڵی دەکەن کە پارتە چەپەکان لە ئەنجامی گرنگیدان بە بزووتنەوە نوێکان، زیاتر گرنگـــی بە چینی ناوەڕاســـت دەدەن و کەمتر ئاوڕ لە چینی کرێکار دەنەوە. بەڵام ئەمە لەبەر دەستەوەستانیی بەرەی چەپ لە دیتنەوەی بەدیلێـــک بۆ نیولیبراڵیـــزم و پەســـەندی نارەخنەگرانەی بیرۆکەی بەخۆداچوونەوەیـــە (flexibility) و ئەمـــە پەیوەندیی بە ڕێکاری گرنگیدان بە سیاسەتەکانی ناسنامەوە نییە. لە ڕاستیدا ئاوڕدانەوە لە ناســـنامە، خۆی لە خۆیدا کێشەی نییە و ئەوانیش پێیان وا نییە کە دەبێ لەبەر گەڕانەوە بۆ سیاسەتی واقیعی، خەباتی کولتووری بەجێ بهێڵیـــن (٢٠٠١، xviii). ڕێکاری لاکلاو و مـــوف ئەمەیە کە دەبێ زیاتـــر لە جاران گرنگی بە زنجیـــرەی هاونرخی لە نێوان خەباتێکی جۆراوجۆری دێموکراتیک بدرێ کە دژ بە شـــێوازەکانی ملکەچییە. لە پرۆژەی سیاســـەتی دێموکراتیکدا، هیچ شـــتێک لەوە ڕێگر نییە کە زنجیـــرەی هاونرخی دژ بە نابەرابەریـــە هەنووکەییەکان وەکوو سێکسیزم، ڕاســـیزم و هەڵاواردنی جێندەری نەتوانن لەگەڵ چینی کرێکار جومگەبەندی بکرێن.

لەم ســـۆنگەیەوە دەتوانین بۆ ئەم کێشەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەڕێینەوە کە لە جیاتی گرنگیدان بە خەباتی دژە چەوســـاندنەوە، لـــە زانکـــۆکان باس لـــە ڕەخنە لە کولتـــووری کوردســـتان وەکوو جەوهەرێکـــی نەگۆڕی پێـــش مۆدێرن دەکرێ و لـــە هەمان کاتدا باس لە هەڵســـەنگاندنی وەرگێڕان، فیلم، هونەر و بابەتی کولتووری لەگـــەڵ کولتووری ئێرانی دەکەن. ئـــەم جێگۆڕکێیە لە خەباتی دژە چەوســـاندنەوە و شـــیکاری بۆ شـــێوازەکانی ملکەچی (سەرکوت و ســـوڵتە) بۆ توێژینەوە ســـەبارەت بە بابەتی کولتـــووری، یەکێک لە مێکانیزمەکانـــی بە نیولیبراڵیزەکردنـــی کەرتی خوێندن و بەتایبەت زانکۆکان لە ئێرانە. دەرەنجامی ڕاســـتەوخۆی ئەم تێڕوانینە ناسیاسی کردنی بیاڤی گشـــتی و زانکۆکانە (بەتایبەت بواری کۆمەڵناســـی).

لە کاتێکدا و لە مێژووی خەباتــی کوردایەتیدا، کولتووری جیاوازی کوردی بــەردەوام لەگەڵ بەرگرییەکی سیاســی ناســنامەخوازدا جومگەبەنــدی کراوە. لە یەکێک لە دواییــن نموونەکانی ئەم جۆرە توێژینەوانــە لە لایەن نوخبەکانی کوردەوە دەتوان ســەیری وتاری «کورد و ئەویدی» (محەمەدی ١٣٩٨) بکەن.

## سەرچاوەکان


ئەردەڵان، سارۆ. ٢٠١٩a. «کوردایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی نیوخۆییە. » گۆڤاری تیشک ٥١: ٣٦-٤٥.

ئــەردەڵان، ســارۆ. ٢٠١٩b. «کۆلۆنیالیزمی وەخۆگــر: ئێران چۆن توانیویەتی لە کوردســتان هێژمۆنیی کولتووری ســاز بکا؟» گۆڤاری تیشک ٥٢: ٢٤-٤٥.

حقمرادی، محمد. ١٣٩٨. «ضرورت تاســیس «دیگری» در گفتمان هویت کردی. » پولیتیا ٢ (٢): ٤-٢٥.

د. ئالان. ٢٠١٩. «راســان نیشــانەیەک بۆ دەربازبــوون لە قەیران. » گۆڤاری تیشک ٥١: ٨٦-٩٣.

زەنگەنە، شــاهۆ. ٢٠١٩. «تیۆریی زاگرۆس. » گۆڤاری تیشــک ٥١: ١٠-٢١.

زەنگیــن، موســتەفا. ٢٠١٩. «دوکتــور قاســملوو روخســاری پۆستمارکســیزمی کورد. » وەرگێران: ســیپان رۆژهەڵاتی. گۆڤاری تیشک ٥٣: ٢٧٤-٢٩١.

سلێمانی، کەماڵ و ئەحمەد محەمەدپوور. ٢٠١٩. «ئایا غەیرەفارسەکان دەتوان قسە بکەن؟: گێرانەوەی حاکمییەت لە «ناسنامەی ئێرانی. » وەرگێران کەیوان فاتحی. گۆڤاری تیشک ٥٢: ٢٧٧-٣٠١.

قاســملوو، عەبدولڕەحمــان. ١٣٨٤ئا. «خەباتی هێزی پێشــمەرگە (وتارێــک بۆ کۆنگرەی پێنجەمی حیزب). » لە تاقگەی هەقیقەت (بەرگی دووەم). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ٢٥٥-٢٦٣ (سلێمانی).

قاسملوو، عەبدولڕەحمان. ١٣٨٤ب. «وتوویژی عاطفە گرگین لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە پاییزی ١٣٦٥دا. » لە تاقگەی هەقیقەت (بەرگی دووەم). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ٤٧-٦٨ (سلێمانی).

قاســملوو، عەبدولڕەحمان. ١٣٨٤پ. «وتوویژی گۆڤاری الصیاد. » لە تاقگەی هەقیقەت (بەرگی دووەم). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ١٩-٣٨ (سلێمانی).

قاسملوو، عەبدولڕەحمان. ١٣٨٤ت. «وتوویژ لەگەڵ چاپەمەنییەکانی ئیسپانیا. » لە تاقگەی هەقیقەت (بەرگی دووەم). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ١٠٧-١١١ (سلێمانی).

قاســملوو، عەبدولڕەحمــان. ١٣٨٤ج. «دروشــمی بنەرەتیــی حیزبەکەمــان. » لە تاقگەی هەقیقــەت (بەرگی ی). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ٢٨٥-٣١٤ (سلێمانی).

قاســملوو، عەبدولڕەحمــان. ٢٠٠٣ [١٩٨٣]. کورتەبــاس و شیکردنەوەیەکی کورتەباس (ستێکهۆڵم: کتێبی ئەرزان).

قاســملوو، عەبدولڕەحمان. ٢٠١٤. «وتوویژ لەگــەڵ عەنایەت فانی: برنامەی بە عبارت دیگر. » پخش شدە از بی‌بی‌سی فارسی https://www. youtube. com/ watch?v=SGsfvkcMn8U

کەریمــی، ئەییووب. ٢٠١٥. ئازادی و دەســەڵات (بانە، چاپەمەنیی مانگ).

محەمــەدی، جەمــال. ١٣٩٨. «کورد و ئەویــدی. » پولیتیا ٢ (٢): ٤-٢٤.

منظمی، علی. ١٣٩٢. اندیشــه‌های قاســملو درباره دمکراسی برای ایران کثیرالمله. ترجمەی کیهان یوسفی (اربیل: اتحادیه دانشجویان دمکرات کردستان ایران)

ولــی، عبــاس. ٢٠١٨. «ســکوت روژهلات. » نقد اقتصاد سیاســی (www. pecritique. com) دسترسی در ٢٠٢٠/٠٦/٠١

ولی، عبــاس، ١٣٩٨. «تاریخ بــه تاراج رفتــه. » در گفتارهایی در خاستگاە ناسیونالیســم کرد. ویراســتار عباس ولی. ترجمەی مراد روحی (تهران: نشر چشمه).

Hassaniyan, Allan. 2020. «Environmentalism in Iranian Kurdistan: causes and conditions for its securitization. « in Conflict, Security & Development. https://doi. org/10. 1080/14678802. 2020. 1769344

Laclau, Ernesto and Chantal Mouffe. 2001. Hegemony and Socialist Strategy: Towards a Radical Democratic Politics. Second Edition (New York: Verso).

Matin, Kamran. 2013. Recasting Iranian Modernity: International relation and social change (London: Routledge).

Matin, Kamran. 2019. «The Iranian Left, Radical Change and the National Question. « In Abdou-Filali-Ansary Occasional Paper Series 1: 10-14.

Monazzami, Ali. 2011. Ghassemlou›s ideas of Democracy and Iranian-Kurdish relations in contemporary Iran. M. A. Thesis (Tromso: University of Tromso).

Mouffe, Chantal. 1979. «Hegemony and Ideology in Gramsci. « In Gramsci and Marxist Theory. Edited by Chantal Mouffe. 168-204 (London: Routledge & Kegan Paul).

Mouffe, Chantal. 1993. The Return of the Political (New York: Verso).

Mouffe, Chantal. 2005. On the Political: Thinking in Action (New York: Routledge).

Schmitt, Carl. 2007. The Concept of the Political. Expanded Edition. Translated by George Schwab (Chicago: The University of Chicago Press).

Spivak, GayatriChakravorty. 1988. “Can the-Subaltern Speak?” In Colonial Discourse and Post-colonial Theory: A Reader. Edited by Patrick Williams and Laura Chrisman. 66-111 (New York: Routledge).